فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامی.. گەرت هەندریش.. کاوە جەلال لە ئەمانییەوە

نوپلاتۆنییەکانی خەرهەمات: ئەلفارابی و ئیبن سینا

فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامی لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی زایینیدا دەتە نێو قۆناغێکی نوێوە. ئەستا سەردەمی وەرگێڕانکان تا ئادیەکی زۆر کۆتایی پێهێنرا بوو و فەلسەفە لەسەر بناغەی ئەو بابەتە وەرگێڕاوانە ئەدگارێکی سەربەخۆی وەرگرت: ئەستا هەوە دەدرا بەرهەمکانی وەرگرتنی (ئەسپیسینی) ئەنتیکە ئەکبخرێن و بە توخمە پێوارییەکانی ئایین تێکهەڵکێش بکرێن. فەلسەفەی پێشین بەزۆریی ناتەواو بوو، جا گەرچی لە هەندێک ئەوشی تایبەتیدا پرشنگدار بوو و هاوشێوەی ئایینی شێوەرگر هەستی بەدووداگەڕانێک بەدار دەکاتەوە، وەلێ فەلسەفەی دوای ئەو بە پێچەوانەوە دەرچەیەکی یەکانیی هەیە. ئەم دەرچەیە وایەدانەت کە هەزری پلاتۆن و ئەیستەتلیس لە پرنسیپدا یەکدەگرنەوە، ئەوەش بە فەرمولەکراوی لە نوپلاتۆنیزمدا دەبینەتەوە. نوپلاتۆنیزم گریمانەی "یەک"ی (ئەلئەحەدی – و) سەرەتایی دەکات وەک بنەماتی جیهان، وەلێ ئەم تێزە هاوکات پنتی گەیاندنە بە ئایینی سروشیانەی ئیسلام و دەرفەت بە هەناوگەڵی یەکتییەک لە نێوان مەئریفەی فەلسەفەیی – کە بەڵێی ئاوێزەوە چەدەبەت – و ڕاستییەکانی ئایینداـ کە مرۆڤ وەک ئەزەلی لێیان تێدەگات – دەڕەخسێنەت. جێی سەرنجە ئەستا فەلسەفە بەم هەوڵە کامیلبوونی تاکەکەسییانەی مرۆڤ کە بە یارییدەی ئاوێز بەدیدەهێنرەت، وەک لێبرییەک دادەنەت بە "شێوازی ژیانی" (واتا بە "سیرە"ی) تراديسیۆنیانەی پێیامهێن و لایەنگرەکانی کە وەک نموونە و پێوەر بە هەموو ئیماندارانـ دانرابوو و باڵادەستانی ئایینی پێشڕەنگی بوون. ئەوە بە هەڵە نییە کە ڕازی یەکەک لە نووسینەکانی خۆی ناو دەنەت "سیرە فەلسەفییە"، واتا شێوازی ژیانی فەلسەفەیی. ڕازی بەم نووسینە خۆی ئاگامەندانە لەو کۆنسێپتە دەپچڕێنەت کە گوایا مرۆڤ ژیانێکی سەرکەوتووی پێبەدیدەهێنرەت گەر شوێن باڵادەستانی ئایینی بکەوەت، نەخێر، ڕازی لێبریی ئەو هومانیزمەکی تاکەکەسی بە ڕەبەرایەتیی ئاوێز دەخوازەت. ئەم داواکارییە بوو بەهۆی ڕەخنەی توندی زانایانی ئایینی کە خەیان بە پارێزەر و ڕاڤەکەری "کۆنسێپتی سیرە" لە ڕەشنایی ئایینی سروشییەوە دادەنا. جگە لەوە فەلسەفەی

ئەربی-ئیسلامی سەرجەمی مۆرکە زانستییەکانی سەردەمکەی بەکارهێنا، کەواتە نزیکەی پانتاییەکی ئینسیکلۆپیدیانەی هەبوو، لەمشدا دەگەڵتەوە بە زەخیرەیەکی سەرچاوەی فەلسەفەیی و زانستیی زۆر دەوڵەمەندتر لەو زەخیرەیە کە لە ئەوروپای کریستیانیدا هەبوو. فەلسەفە و زانست بەردەوام لەنەو چەوەی دامەزراوەکانی فەرکاری و تەوژینەوەدا دەگەڕان، بە نموونە لە "بیت ئەلحیکمە"، وەلە بەتایبەتی لەو جێیانە کە لایەنگرانی بەدەسەڵات و دەوڵەمەند دەیانپاراستن.

بگومان فەلسەفەی ئەربی-ئیسلامی پەرچەکردارێشە لەسەر دەخگەڵییەکانی سەردەم. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هەوڵی فارابی و ئیبن سینا، وەک نوێنەرە مەزنەکانی ئەو فەلسەفەیە، تا ڕادەیەک پابەند بە کەشی دەخگەڵیی جیهانی ئیسلامییەوە ببونبکەینەوە: ئەوان هەوڵیان دا بە ئەوەی نوپلاتۆنیانە ڕاڤەی فەلسەفەی ئەرستۆتەلی بکەن و بەم شێوەیە چارەیەک بە دەلاقەی سەرهەڵداوی نەوان هەزری ڕاسیۆنال و ئیمانی سروشی بدۆزنەوە. جیهانی "ئیسلامی" هەمیشە پتر گەلان و کولتووڕانی دیکەی لە خۆ دەگرت، کشانی گەیشت بە ڕادەیەک کە ئیدی لە ئەوروپاوە بەقووڵی تا نەو ئاسیاو و ئەفریکا بەی دەکرد، بەم جۆرەشەوە توخمی ئەربی هەمیشە کەمتر دەبووەوە. گەرچی گەلانی دیکە و کولتووڕە تایبەتییەکانیان بەئیسلامی کرابوون، سەرەڕای ئەوە هەمیشە پتر ڕەنگی گرنگیان دەگەڕا. جگە لەوە هەی پەرەسەندنی واتای زانایانی ئایین، واتا ئولەماکان، کە لە دەستبژێرانی شارییەوە پێگەیشتبوون و پێوەندیشیان هەشتا هەر بچڕی بەو دەستبژێرانەوە مابوونەوە، دەگەڵتەوە بە لاوازبوونی دەوڵەتی خەلافەت. سەردەمی مەزنە دەوڵەتەکی ئەربی-ئیسلامی بە سەنتەرەکەوە کە بەووەنی پێناسە کرابێت، لە ڕووی سیاسییەوە کۆتایی پێهات و دەوڵەتانی ناوچەیی جێیان گرتەوە. هەروەها کەچی پەرەسەندووی گەلە تورکییەکان کە مەزنە دەوڵەتی ئەربی-ئیسلامییان لە ناوچە کەناریەکانەوە ناسەقامگیر کردبوو، ڕەنگی خۆی لە لاوازکردنی دەوڵەتی خەلافەتدا گەڕا. ئەوجا جیهانی ئەربی-ئیسلامی لە ڕووی ئابووری-جڤاکیشەوە بەنەو پرسەیەکی دەخگەڵیدا تێپەڕی. ئەو دەوڵەتانە کە بە جیابوونەوە لە خەلافەتەکەی بەغداد سەریان هەڵدا، بەزەریی پشتیان بە سوپای دەربەگان دەبەست؛ ئەوان مافی بەکارهێنانی زەویان بە کشتیاری دەبەخشی تاکو بەو ڕێیەوە مۆچەی سەربازان و فەرماندەکانیان، هەروەها کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی، دابین بکەن، ئەمەش توەژی کشتیارە سەربەخۆکانی لاواز کرد، هەروەها کاریگەرییەکی ئەوتەی نواند کە ئابووریی شارییانەی ڕووکردووە پارە و بازرگانی گوە ڕووەو دەربەگایەتی بسەنێت. تا ڕادەیەکی زۆر ئابووریی

کشتیاریانەی گوزەراندابینکەر جێی ئابووریی پێشینی بازرگانی و مانوفاکتوری گرتووە، بەمەش کۆتایی بە گەشانیک هێنا کە پاش چەند سەدەیەک لە ئەوروپا، لە شارەکانی ئیتالیا و فلاندریادا، بوو بە هۆخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی جڤاکی بۆرژوازی-سەرمایەگاری. بەگومان لە کۆنتەکستی ئیسلامیدا هەمیشە سەرلەنوێ سەردەمانی گۆشانووەی ناوچەیی دەهاتنووە گۆڕێ کە تێانێت واتای ئابووریان هەبوو، وەلێ مەرکی ئەو سەردەمە بەگشتی بریتی بوو لە تێنگژەیەکی ئابووری و جڤاکی و سیاسی کە هەروەها لە هۆوشە هێنووکەییە سەختبووکانی دەباتی هزریشدا خۆی نواند. سەرهەڵدانی بەردەوام بەهێزتربووی ئەرتەدەکسییەکی ئایینی و لەتەکیدا کاریگەریی جڤاکییانەی زۆرتری نوێنەرکانی، پتر فەزای ئازادیان بۆ زانستەکان و فەلسەفە تەسککردووە.

ئەلفارابی

زیانی ئەبو نەسر محەمەد ئیبن تەرهان ئیبن ئوزلوغ ئەلفارابی (نزیکەی 870 تا نزیکەی 951) وێنەی ئەم گەورانانە دەداتەوە. هۆچێکی فارابی نەدەگەڕایەوە بۆ سەنتەرکانی جیهانی ئیسلامی: بۆ بەغداد یان لایەنی کەم بۆ وەاتی کولتووریی دێرینی فارس، بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ ئۆپەڕەی چۆڵی ناوچەی دەسەلاداریی ئیسلامی. ئەو لە فاراب هاتە جیهانەوە کە دەکەوتە سەر کەنارەکانی ڕوباری سیر دێریا لە باکوری ڕۆژئاوای تەشکەند لە کازاخستانی ئەمڕۆ. باوکی فارابی ئەفسەری میرنشینی سامانییەکان بوو کە هەزە تورکییەکانی کارلوک و ئۆگوزی لەوە نیشتەجێ کردبوو و ئەوانیش لەباتی ئەوە دەبوو وەاتەکە لە هەرشی گەلە دەشتەکییەکان بپارێزن. پەدەچێت باوکی فارابی بە هۆچێک بگەیشتووە بە دانیشتوانی تورکەگەزی ئەو وەاتە و یەکەم کەسی خانەوادەکەی بووبێت کە بەوای بە ئیسلام هێنابێت. زمانی دایکی فارابی دیالێکتێکی تورکی بوو، ئەو هەروەها زمانی فارسیشی دەزانی. ئەو درەنگتر فێری زمانی ئەرەبی بوو کە زمانی باڵای دەوڵەتە ئیسلامییەکان و هاوکات زمانی فەلسەفە و زانستەکان بوو. فارابی سەرەتای سەدەی دەیەم لەیشت بە بەغداد و حەرران و بوو بە فێرخوازی زانایانی کریستیانی، بە نموونە یوحەننا ئیبن حەیلان (910 مردووە) و (بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە) ئەبو بیشر ماتتا ئیبن یونیس (940 مردووە). جگە لەوە فارابی وەک پزیشک پێگەیەنرا، وەلێ بە پێچەوانەی ڕازی و ئیبن سیناوە هەرگیز ئەم پیشەیەی پراکتیز نەکرد، چونکە پزیشکی بە دیدی ئەو "پیشەی دەستی" بوو، بۆیە وەک زانستێک بە تۆژینەوە لە ڕاستی نەدەبینی. تەنیا تیۆریی پێتی

توانای بە مرۆڤ دەدا لە ڕاستی بتوێژێتەوە. ئەمە بە هەمان شێوە مۆزیکیشی دەگرتەوە. گەرچی فارابی بە مۆزیکیی‌کی ئاستبا‌ڵا دادەنرا، لەم بوارەشدا بە نووسینی "کتێبی مەزن لە‌بارەی موزیک" وەک یەکێک لە واتادارترین تیۆریارانی موزیک لە جیهانی ئیسلامیدا دەرکەوت، سەرەڕای ئەوە توانستەکانی خۆی نەکرد بە پیشە. فارابی بەگشتی لە بەغداد ژیانێکی سادە و دوورپەرێزی بەسەربرد، بێ هیچ سەرچاوەیەکی هاوچەرخی یان درەنگتر زانیاریی زۆری سەبارەت بە ژیانی ئەو نییە. وەک دەگێڕرێتەوە، ئەو گوزەرانی خۆی وەک پاسەوانی باخچەیەک دابین کردووە، ئەم کارەشی گەیاندووە هەبژاردووە، چونکە کاری شەوانە دەرفەتی بە خوێندووە کە بپەرژێتە سەر هزرین بۆئارامی. ئەم جۆرە چیرۆکانە تەوانینەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە فارابی هەنایە گۆڕێ کە گەیا ئەو دانایەکی سادە و پشتکردووە جیهان بووە و هیچی نەداوە بخزێنرێتە نێو ناکۆکییە جڤاکییەکانی سەردەمەکەیەوە. وەلێ ئەوەی ڕاستی بێت فەلسەفەی فارابی زۆر ووەنتر لە فەلسەفەی پێشین ئاوێنەی وەرچەرخانە جڤاکییەکانە.

لە سەدەی دەیەمدا بە یەکەم جار بەفراوانی دانوستانی ئەوە کرا کە داخۆ کولتووری گریکی، کەواتە کولتوورێکی "نامۆ"، چیی پێ بێت بیدات بە کولتووری ئیسلامی و داخۆ ئەو کولتوورە لادان نەبێت لە ئیسلامی پاکژ کە گەڕەکە تڕپکی کولتووری مرۆڤایەتی بێت. ئەم گرنگیدانە نوێیە بە "پاکژێتی" و "خاسێتی" ی ئیسلام پەرچەکردارە لەسەر تەنگژەی بەردەوامی سیاسی و جڤاکییانەی دەوڵەتی خەلافەت. خەلیفە بوو بوو بە بووکەماکەڕەی فەرماندە سەربازی و خانوادە بەگزادییەکان، بەوەش ئەو، وەک پارێزەری ئیمانی پێتی، لە چاوی موسڵمانداندا مافی هەبەریکردنی ئوممەی ئیسلامیی لەدەستدابوو. "گەلانوە بە پیشکان" (واتا بە ئایینداریی‌کی خاس) وەک بناغەی زاڵبوون بەسەر تەنگژەیەکی جڤاکیدا، لەو کاتە بەدواوە تا ئەمڕۆ وەک کەنستانێکی (نەگۆڕێکی) مێژووی ئیسلامی ماوەتەوە. گەلانوەکە لە سەدەی دەیەمدا ئاماژە بە پێگەیەک دەدات لە نێوان دوو بەردا: کولتوورێکی زانین کە هاوکات بە هزرینی فەلسەفییش کراوەیە، هەروەها پەرچەکردارێکی جڤاکی-سیاسی وەک هەڕەشەیەک لەسەر کۆلاخستنی فەلسەفە.

ئەوە هیچ جێی سوڕمان نییە کە فارابی بەغدادی بەجێهێشت و لە جێی دی کەوتە گەلان بە چاودێری و دەستی پارێزەری دەسەڵاتدارێک، ئەوەشی لە ئالێپۆ (حەلەب) لای سەیف ئەلدەولە بینییەوە کە دەسەڵاتداری دەوڵەتی ئەرەبیی حەمدانییەکان بوو. ئەم دەسەڵاتدارە

لەنێو کۆشکی کراوەدا بە هونەر و زانست هەندێک لە بەواتاترین زانا و هەڵبەستقانانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، فارابیش یەکێک بوو لەوان. کاتێک فارابی ساڵی 950 یان 951 مرد، وەک دەگوترێت، سێیف ئەلدەولە مەرگگۆتاری ناشتنەکەی لە دیمەشق خوێندەوە. وەلێ هیچ گومانی تێدا نییە کە نوێنەرانی ئوللەما خەیان بۆئاشکرا لە ناشتنی ئێو بەدوور گرت. پاش مەرگی فارابی شتێکی هاوشێوەی "فەرگ"یەکی فەلسەفەکەی هاتە ئاراوە و لە نوێدا بۆتایبەتی ئەربە کریستیانییەکان چالاک بوون، ئەوش بە چەشنێک کە هەر یەکەیان بۆجیا و بە دەرخستنی خەیی کەوتە داشتن و پتر گەیاندان بە هزری فارابی. هەندێکی ئێو زانایانە بریتی بوون لە یەحیا ئیبن ئادی (893-974)، ئیبو سولەیمان ئەلسیجیستانی (913-988)، یوسف ئەلئامری (992 مردووە)، هەروەها ئیبو حەیان ئەلتەوحیدی (نزیکەی 925-1021). ئەم زانایانە خەیان لەسەر بناغەی فەلسەفەی فارابی بە فیزیک و لۆگیک، تیۆریی مەئریفە یان تیۆریی زێنێوە خەریک دەکرد.

پێکەوەگرەدانی مەتافیزیک و ئەتیکی سیاسی

بەرهەمە فەلسەفییەکەی فارابی پەرچەکردارێکی ڕاستەوخۆ بوو لەسەر دەخگەییەکانی سەردەمەکەی. لەبەر ئەم هەیە دەشێت ئێو بە یەکەمین هزرڤانی ئەرەبی-ئیسلامی دابنرێت کە ئاگامەندانە ڕاڤەیەکی نوێپلاتۆنییانەی جیهان بە فەرموڵکردنی تیۆرییەکی سیاسییەوە گرێدەدات. کاتێک مەتافیزیک و تیۆریی ئەتیکیانەی سیاسی لای فەیلەسوفانی پێشین بەپاڵ یەکدییەوە بوون و سیستەماتیکییانە پێکەوە گرێنەدرابوون، ئەوا بە پێچەوانەوە لای فارابی یەکێتییەک پێکدەهێنن و دەچنە نێو یەکدییەوە. فارابی تەقەلایەکی زۆری دا بە ئێوەی سەرلەنوێ بە فەیلەسوفە کلاسیکییەکانی گریکەدا بچێتەوە، پەیەچێت تێنانێت خەی بە ئەم مەبەستە هێندێک تێکستی وەرگێڕابێتەوە. بە هەر حاڵ، فارابی بەشێکی زۆری نووسینەکانی ئەیستەتەلیس و زۆرینەی دیالۆگەکانی پلاتۆنی دەناسی. لە یەکێکی نووسینە سەرەکییەکانیدا بە ناونیشانی "فەلسەفەی پلاتۆن و ئەیستەتەلیس"، هەردوو فەیلەسوفی کلاسیکی سەرباری جیاوازییەکانیان دادەڕێژێت بەبە ئێوەی هەوە بەدات جیاوازییەکانیان پێکەوە بسازێنێت. وەلێ فارابی لە بەشی دووەمیەکەی ئێو نووسینەیدا نێک تەنیا جەخت لەوە دەکات کە کامیلکردنی مرۆڤ ئامانجی هاوبەشی هەردوو فەیلەسوفە، بەڵکو هاوکات سیستەمە فەلسەفییەکەی خەیشی وەک پردێک لە نێوان هەردوو فەیلەسوفی نموونەییدا بنیات دەنێت. لەرەدا دەبێت ڕاچاوی ڕەوشێکی گرنگ بکەین: ئێو کورتەیەی "ئێنئادەکان"ی

پلاتین (IV-VI) کە لە چارخی نۆقیندا وەک "تیلەگیی ئەیستەتلیس" ناسرابوو، فارابی بە هەمان شێوە وەک کارکی ئەیستەتلیس وەریدەگرێت. بەم پێیەو ئیدی باری سەر یەکەتیی سیستەماتیکییانەی فەلسەفەی فارابی سووک دەبێت کە بریتییە لە: گەردوونناسی کە لە گەردوونی دەرکیدا (ماکرۆکۆسمۆسدا) هەکخراوی گەردوون دادەڕێژێت، هەروەها تیۆریی زیین کە بەپێیەو ئەم هەکخراوی گەردوون وەک شیاوی ناسین دەسەلمێنرێت، ئەوجا تیۆریی سیاسی کە کامیلەتیی ئەم هەکخراوی گەردوون بەسەر شیمانەکانی جڤاکی مرۆڤدا بەکاردەبات. بە دیدی فارابی مێتافیزیک، گەردوونناسی، تیۆریی مەئریفەت و سیاسەت، پێوەندییەکی چڕیان بە یەکدییەو هەیە، لەڕشدا پێناسەکەی ئەیستەتلیس بە مێتافیزیک وەک مەئریفەی بوونەوەر، دەرچەی هزریی فارابییە. بوونی کردەکییانەی شتەکان، واتا ناسینی سروشتی ئەبژەکتیڤییانەی شتەکان، بریتییە لە ئەرک و شیمانەی مرۆڤ. ئەم واتایەکی ئەوتە دەگەیەنێت کە مەئریفەی بوونەوەر هەروەها شیمانەی هەنومایی بە مرۆڤ لە خۆ دەگرێت. واتای ئەم تەوانینە بە دەرئەنجامانەکی ئاوەژوو بریتییە لە: مرۆڤی سەر چەوتەکان یان کردارنوێن لە نەزانییەو، هەبەر و ئاوەژکەرکی نالەبار بە جڤاک. کەواتە کامیلکردنی مەئریفەی خێی، سەروەری بەسەر بەکارهێنانی ئاوەزدا، پێشمەرجی هەکخراوکی سەرگرتووی جڤاکین. هەر بەم شێوەیە تیۆریی "دەوەتی چاک" لە تیۆریی مەئریفەی ئاستییەو سەرهەڵدەدات، بە پێچەوانەشەو تیۆریی سیاسی وەک تیۆریی دەوەت بریتییە لە تەکمیلکردنی مێتافیزیک. کەواتە فەلسەفە سیاسییەکەی فارابی نەک تەنیا دیۆەت فەلسەفەی تیۆریانە و پراکتیکی پێکەوبلکێنێت، بەکو هەروەها دیۆەت تیان بپەهێنێت. ئەمە لە گرنگترین نووسینەکانیدا ئاشکرا دەبێت کە سێ دانەن: "کیتاب تەحسیل ئەلسەئادە" (کتێب لەبارەی گەیشتن بە بەختیاری)، "ئاراء ئەهل ئەلمەدینە ئەلفازیلە" (تەوانینەکانی هاوەاتیانی شاری فەزیلەمەند – بەکورتی: "مەدینە")، هەروەها "ئەلسیاسە ئەلمەدەنییە" (لەبارەی بەڕێوەبردنی دەوەت – بەکورتی: "سیاسەت").

بە تەوانینی فارابی مرۆڤ دەتوانێت ئاوەزمەندانە هەکخراوی سیاسی بنیاتبنێت، ئەویش چونکە خودی جیهان هەکخراوە و ئاوەز دەتوانێت لێی تێبگات. ئەم هەکخراوە بەندە بە پێشبینیی گەردوونديیەکی جیەسەنتریەو کە تێیدا کایەکانی ئاسمان (مانگ، خۆر، پلانێتەکان) لەسەر هێڵی چڕسپیو بە دەوری زەمیندا دەسووڕێنەو. ئەیستەتلیس گەتبووی، کایەکان (سفەرکان) لە لایەن بزوێنەرانەوە دەبزوێنرێن، پاشان فەیلەسوفانی موسڵمان ئەم بزوێنەرانەیان ناو نا

"ئینتەلیگەنسەکان". وەلێ ئێستا فارابی ئەم گێردوونناسییە ئاسان دەکاتەوە، ئاوێش بۆ وەرگرتنی ڕاقەی نوێپلاتۆنیانەی خودی گێردوونناسییەکە: یەکەم بزووتن لە لایەن یەکەم بزوێنەرەوە، واتا لە لایەن "یەک"ـەوە (ئەلئەحەد – و) سەرەتاییەکەی پلاتینەوە، واتا لە لایەن خوداوە دەهێنرێتە گۆڕێ. ئاوجا لە خوداوە کە هۆشی پێتییە، کەواتە زیندە (ئینتەلێکتە)، هۆش بە کایەکەی دی "دەژمێت"، لاوشەوە بەردەوام دەبێت بە نێو کایەکەی دی. بەگومان ئەم زیندە سەرباری ژانی هەمیشە هەر هەمان زین دەمێنێتەوە. ئاوەزی ڕۆحەای (ئەبسولوتی) خودا جیاوازییەکی توخمیی (زوبستانسیەلی) لە ئاوەزی مرۆڤ نییە، بەڵکو جیاوازییەکی کەمکێیە (ئەکتوەلە). ئەمەش بەواتای: کاتێک دەروونی خودا هەمیشە هەر هۆشی پێتییە، ئەوا دەروونی مرۆڤ دەبێت بە پێچەوانەوە بە ئاوەزمەندێتیی خۆی تێبکۆشێت. کاتێک ئاوەزی مرۆڤ خۆی بەکردەکی (ئەکتوالیزە) دەکات، لەرشەوە توانا بە ناسینی ڕۆکخراوی گێردوون و بەمەش بە ناسینی خودی خۆی وەردەگرێت، ئیدی لەم ڕۆوتەدا خۆی لە لەربووونە ماتەریییە پێتییەکەی بەر دەدات و دەگات بە ژیانێک لەنێو تەمامان و دانایدا. لەردا پێویستە ڕۆچاوی دوو تایبەتمەندی بکەین کە فارابی دەیانخاتە سەر نەخشەی ژانەکەی پلاتین: گەرچی پرسەی ژان لە هۆش-دەروونی پێتییەوە ڕۆوتەکەی "بەرەو ژەر"ی هەیە، وەلێ گەر لەربووونی ماتەریانە نەبایە، ئەوسا ئەم هۆشە یان ئەم زیندە نەیدەتوانی خۆی بەرجەستە بکات. فارابی لە نووسینەکەیدا بە ناونیشانی "لەبارەی زین" دەبێژێت: "نەشیاوە زینی چالاک پرنسیپی سەرجەم شتە هەبووەکان بگرێتەوە، چونکە ئەو خۆی بە چالاکییەکەی پێویستی بە هەبوونی کەرەسەیەک، هەروەها پێویستی بە نەبوونی ئاستەنگەک، کەواتە لەنێو سروشتی ئەودا هێزی کافی نییە کە وا بکات سەرجەمی شتەکان کامیل ببن" (al-Farabi, 1892, 78). لەم ڕوانگەیەوە دەبێت یەکەم بزوێنەر، وەک یەکەم هۆکار، دوو پرنسیپ لەنێو خۆیدا یەک بخات: ئەو نەک تەنیا دەبێت هۆش-دەروون یان زینی پێتی بێت، بەڵکو هەروەها دەبێت پرنسیپی کەرەسە لە خۆ بگرێت. کەواتە یەکەم هۆکار کە خودایە، تەنیا ئاوەکییەکی هۆشکی نییە بەڵکو هیچ پێوەندییەک بە ماتەرییەوە، واتا بەو ماتەرییەوە کە لای کندی هەمای خراپە بوو، هەمای نا-هۆشکێتی بوو.

دووەم تایبەتمەندیی فارابی بریتییە لە پێوەندیی مرۆڤ و زینی ئەو بە زینی ڕۆهاوە، یان بە زینی خوداوە. نەخشەی نوێپلاتۆنیانەی ژان هەمیشە وایدادەنا کە ژانی "یەک-ی سەرەتایی"، یان ژانی خودا، بەرەو پلەکانی ژێرەوە دەڕوات و لە دوایەمین پلەشدا مرۆڤ و زینی ئەو خۆیان دەبینەوە. لەم تەڕوانینەوە دەرفەت ڕەخسا بە

دەرئەنجامانەدنی سەروەری و کامیلەتیی زەینی خودا. وەلێ فارابی ئەم بۆچوونانەوەیە هەندێکجار: پرسەی ژیان کەمبوونەوەی زەین نییە لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دی، بەڵکو ئەدگارێکە کە پێگونجاو دراوە بە هەر پلەیەک و هەر فەرمەکی بوون: "هەبووی بەرجەستەیی لە ئاوەوە ڕەکخستن وەردەگرێت و هەر هەبوویەک، بەگوێرەی پلەکەی، کارایی ئاستێنەی خۆی لە بووندا دەنوێنێت. جگە لەوە ئەو بەدادە و دادپەروەرییەکەشی بەگوێرەی گەوهەری خۆیەتی" (al-Farabi، 1985، 26). هەروەها پێگەی تایبەتی زەینی مرۆڤیش بەو ڕادەیەوە ڕوونەبێتەوە کە پرسەی ژیان بە دادپەروەری و خۆشویستیی خودا بنیاتنراوە. هەموو مرۆڤێک "لە سروشتەوە، هەر لە سەرەتاوە"، زەینی پەدراوە، زەینیش بەگوێرەی کرێکی ئامادەیە بۆ "ناسینی ئەدگارانی تایبەتی بابەتەکانی زەین" (das Intelligible)" (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 69). وەلێ بابەتەکانی زەین هۆشەکێتیی پێتین، ئەوجا بەو ڕادەیەوە کە زەینی مرۆڤ لە توانایدایە یەک-ی سەرەتایی یان خودایەتی بناسێت، ئیدی لە هۆشی پێتیی خودا نزیک دەکەوێتەوە، جا گەرچی بە پێچوانەی خوداوە ناتوانێت بوون بئافرێنێت. لە بنەڕەتدا هەموو مرۆڤێک ئەم توانستەی ئاوەزی پەدراوە، بەگومان هەندە نەبێت کە تەنیا فەلسەفە باڵاترین پلەی ئاستێنەی مئریفەیە. ئەوجا گەر هاتوو فەیلەسوفێک هاوکات پێیامهێن بێت، ئەوسا دەتوانێت مئریفە فەلسەفییەکان کە بەڕادەی ئاوەزەوە بەدیهێناون، بە توانستی ئەندێشەوە گرێبدات تاکو ئیدی بە لێچواندن و ئانالۆگی و سیمبۆل بۆ کەسانێشیان ڕابگەیەنێت کە فەیلەسوف نین. ئەمەش هیچی دیکە نییە جگە لە سروش، ئاخر سروش مئریفەی ئاوەزە کە ڕەوانبێژیانە بە کەسانی دی گەیەنراوە. فارابی لە "مەدینە"دا دەنووسێت:
"گەر زەینی ئافرێنەر لە هەردوو بەشی هەزی هزرینیدا، واتا لە هەردوو بەشی تیەری و پراکتیکییەدا، ئەوجا پاشان لە هەزی پێشبینییەدا، کارایی وەربگرێت، ئەوسا ئەم مرۆڤە کەسێکی سروش وەرگرە، ئەوەش خودای مەزن و پەروەردگارە کە بە یارەدەی زەینی ئافرێنەر سروشی بە دەنێرێت. (…) ئەوسا ئیدی مرۆڤێکە لەو زەینە ناچالاکەوە بە یارەدەی ژیان دەبێت بە دانایەک، بە فەیلەسوفێک، بە لایەنگرێکی تەکامول، وەلێ مرۆڤێکە هەروەها بەو ئەوکەیە کە لە ئەوەوە (خوداوە – و) بەسەر هەزی پێشبینیی خۆیدا ژاوە، پێیامهێنەکە، بەئاگاهێنەکە سەبارەت بەوە کە لە هاتندایە، هەروەها ڕاگەیەنەرێکە سەبارەت بەوە کە چۆن تاکە شتەکان هێنووکە لەنێو بوونداندا. بەڵام مرۆڤێکە لەنێو بوونێکدایە کە دەتوانێت تێیدا خودایەتی بهزرێنێت" (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 93).
کەواتە پێیامی خودایانەی سروش بەگوێرەی کرێکی تەنیا مئریفەی

ئاوەز کە فەلسەفە پێدەگات. ئەمش بەواتای، ئایینی وەک سروش نەرراو هیچی دیکە جگە لە فەلسەفە لە خۆ ناگرێت، وەلە هەندە نەبێت کە سروش بە نا-فەیلەسوفانیش دەرووی گەیشتن بە ئاوەزی پێتی دەکاتەوە. فارابی هاوکات دەبڕێت کە هاوشێوەیەک هەیە لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی مەئریفەی ئاوەز لای مرۆڤ و فەرمەکانی زەیندا کە بەشێی ژانی خودایین و کاریگەری لەسەر گەردوون دەنوێنن. لەم وانگەیەوە مرۆڤ "گەردوونکی بچووک" (Marmura) کە تێیدا هارمەنی و ئاسیمەتالێتیی گەردوون دیاردەداتەوە.

دەوڵەتی ئیدیال و فەیلەسوفەکان

تەواو وەک زەروورەیەکی لۆگیکی دەبێت هارمەنیی جیهانی ئاوەزمەند هەروەها لە پێکهاتەیانی مرۆڤاندا، کەواتە لە دەوڵەتیدا، وێنەبداتەوە. هەر تاکە مرۆڤێک کە خودا ئاوەزی پێداوە، گرێکە تێبکۆشێت بۆ گەیشتن بە کایەی "هۆشکێتیی کردەکی (ئەکتوەل)"، واتا بۆ کایەی ئاوەزی پێتی، چونکە هەروەها کایەی ئازادیی پێتی و خوددیاریکردن و باڵاترین بڕیاری شیاو بۆتەواوی لەم کایەیدایە. ئەمە لە هزری فارابیدا بەیە زەروورەیەکی لۆگیکیش، چونکە ئاوەزی پێتی ئاوەزی خودایە و ئەوجا دەبێت کە چۆن ئەوکەسێک لە خودا ئازادتر و بڕیارتر بێت. بەگومان ئاشکرایە مرۆڤان توانستی جیاوازیان لە یەکدی هەیە، بەیە ئەوە بیرکەیەکی ئاوەزی پراکتیکییە کاتێک مرۆڤان خۆیان بە بوونەوەری جڤاکی دادەنێن. فارابی، هاوشێوەی ئەریستۆتلیس، مرۆڤ وەک سەرن پۆلیتیکەن (بوونەوەری جڤاکی – و) دەبینێت: مرۆڤ بەیار بە جڤاک دەدات، چونکە ئەوە ئاوەزمەندانەیە. هاوکات ئاوەز هەمیشە واتای مەئریفەی ڕاستی دەگەیەنێت، ئەمش بە فارابی تەنیا دەشێت مەئریفەی ڕێکخراوی بوون بێت. کەواتە ڕێکخراوی "چاک"ی جڤاک ی مرۆڤ لاسایی ڕێکخراوی "چاک"ی گەردوون دەکاتەوە، کەواتە دەوڵەتی ئیدیال (نموونەیی) لاسایی بونیادی گەردوون دەکاتەوە کە بەگومان بونیادێکی هیرارشییانەیە: یەک-ی سەرەتایی، واتا خودایەتی، لە تەرپەکی هیرارشییەکدایە و تەنیا بە ژانی ئەو شیمانەکانی (die Potentiale) تاکە پلەکان دەبن بە کردەکی (ئەکتوالیزە دەبن). فارابی تەواو بەم شێوەیە لە ڕێکخراوی سیاسیی نەو دەوڵەت تەدگات: لە تەرپەکی دەوڵەتدا پاشا-فەیلەسوفێک خەی دەبینەتەوە (بە ئەرەبی: ڕەئیس، کەواتە سەرکێک، ڕەببەرێک) کە هاوکات پەیامهێنە، چونکە تەنیا بەم شێوەیە گەرەنتی دەدرێت کە سەروەر تەنیا پڕووی مەئریفەکانی ئاوەز بکات و بتوانێت ئەم مەئریفانە لە فەرمەکی ئەوتەدا ڕابگەیەنێت کە تەنانەت نا-

فەیلەسوفانیش لێیان تێبگەن.
کەواتە ئایین و فەلسەفە دژبەری یەکدی نین، یان هاڤێی بەیەک نەسازی (کۆنترەری) جیهان نین، بەڵکو لە کۆتاییدا هەمان مەبەستیان هەیە، بۆیە فارابی دەتوانێت هەبەری دووێت ناو بنێت "فەیلەسوف" و هاوکات "ئیمام"، واتا هەبەرێکی ئایینی. سەرباری ئەوە فارابی هیچ گومانێک لەسەر ئەوە ناهێڵێتەوە کە ئایین و پەیامهێنی تەنیا لاسایییکردنەوەی مرۆڤە فەلسەفییەکانن، واتا مرۆڤە ئاوەزمەندانەکان، بەگومان لاسایییەک کە بە شێوازە سیمبۆلییەکانی یان ئاسانکارەوەکانی داشتن ئەنجام دەدرێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی شێوازەکانی داشتن بە زمانی هەوانبژی دەدرێنەوە و ئەم زمانەش لە کولتوورێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئیدی ئایینە جیاوازەکانیش سەرهەڵدەدەن. بەگومان لەمەدا نێک ئەوە جێی سەرنجە کە هەنگە سەرجەمی ئایینەکان هەمان هزری کرێکی لە خۆ بگرن و تەنیا بە سیمبۆلی جیاواز گێڕانرابن، بەڵکو ئەوە جێی سەرنجە کە هەموو ئایینێک تەنیا گوزارەی سیمبۆلییانەی هەڵکخراوێکی ئاوەزە کە فەلسەفە سەربەخۆ بنیاتی ناوە. کەواتە لای فارابی فەلسەفە پێشتریی لە هاستییەکانی ئیمان هەیە، ئەمەش نێک لە مۆغزایەکی ناوەرۆکیدا (ئاخر فەلسەفە و ئایین بە هەمان هاستییەوە خەریکن)، بەڵکو لە مۆغزایەکی ئێپیستەمۆلۆگییانەدا: لەبەر ئەوەی هەڵکخراوی جیهان ئاوەزی پێتییە، ئەوا مرۆڤەی گونجاوی جیهان تەنیا بەهێی ئاوەزەوە دەشێت. هەر لەبەرەوە ئەو دەربەینەش لە بارەی "هاستیی جووتەنی" هوون دەبێتەوە کە دەدرێتە پاڵ هەندێک بڕشی فەلسەفەی ئیسلامی و هەروەها هەندێک بڕشی فەلسەفەی چەرخی نێقینی کریستیانی.

لە بنەڕەتدا بە تێگەی "هاستیی جووتەنی" جیاوازیی نێوان هوانگەی فەلسەفەیی و تیۆلۆگییانە دەردەبڕێت. ئەوە کە فەلسەفە باوەڕکات وەک "هاست" ناسیبەتی، پەدچێت لە هوانگەیەکی تیۆلۆگییەوە هەڵبەت (و بە پێچەوانەشەوە). وەلە ئەم تەوانینە فارابی و فەیلەسوفە مزنەکانی کولتووری ئیسلامی کە پاش ئەو هاتن، ناگرێتەوە: گەرچی هەرگیز ناشێت هوانگەی ئیمان و هوانگەی فەلسەفە دژبڕێیی یەکدی بکەن، سەرباری ئەوە فەلسەفە پێشتریی هەیە، چونکە ئەو ئەرگومێنتانە دەخاتەوە کە شیاوی تێگەیشتنن، ئەوە لە کاتێکدا کە هاستیی ئایینی خۆی لە پشتی شیفرە و سیمبۆلانەوە حەشار دەدات. بۆیە دەبێت سەروەری دەوەتێکی فەزیلەمەند سەرەتا فەیلەسوف بێت تاکو پاشان بتوانێت وەک پەیامهێن هاستی بگەیەنێت.

هەبەری دووەت بە دیدی فارابی سەرجەم فەزیلەکان لە خۆیدا

یەکدەخات: فەزیلەتی تیۆریانە کە لە مەئریفەی زانستییانەی جیهاندا خویا دەبێت؛ فەزیلەتی هەشتەکی کە دەرفەت دەدەخسێنێت مەئریفەی زانستی لە کردارداو بگەڕبخرێت؛ فەزیلەتی مۆرالی کە توانا بە تەئیس دەدات ژیانی خەی و تەقەلادانی تەنیا پابەند بە کاتگۆریییەکانی ئۆنتیکەوە ئاڕاستە بدات؛ لە کۆتاییدا فەزیلەتی پراکتیکی کە نەک تەنیا حوکمڕانییەکەی بەداد و دانا دەکات، بەڵکو هەروەها توانستی بە پەروەردەکردنی ئەندامانی دەوڵەت پێدەدات. بەگومان فارابی دەزانێت کە تەئیسەکی بەو چەشنە، یان ئیدیالی دانایەک، بەزەحمەت دەبینرێتەوە، بەڵێ وای بۆچاک دادەنێت کە لە تەوشەی نادیارەکاندا تەبەرایەتیی دەوڵەت بدرێتە دەست ژمارەیەکی فرەی کەسان وەک لەوەی دەسەڵاتدارەکی بێتوانا دابنرێت:

"گەر پیاوەک نەبێت کە تێیدا هەموو ئەم مەرجانە بەدیهاتبن، بەڵکو دوو پیاو هەبن کە یەکێکیان دانا بێت و لە ئەوی دووەمیاندا مەرجەکانی دیکە بەدیهاتبن، ئەوا هەردووکیان تەبەری شارن. وەلە گەر ئەم مەرجانە تەنیا بەپەرشی لەنەو کەمەکدا ببینرێنەوە، (…)، ئەوا هەموویان پێکەوە چاکترین تەبەران پێکدەهێنن" (Al-Farabi 1985, 97)

لێرەدا مەبەستی فارابی بە هیچ شێوەیەک تەکخراوەکی دەموکراتی نییە، ئەمەش پێویست بە دەوڵەتە نا-فەزیلەمەندەکانەوە هووندکاتەوە و لە نەویاندا بۆئاشکرا دەسەڵاتداریێ دەسپێتی و دەمکراتییەکان دادەنێت. لە دەسەڵاتداریی دەسپێتیدا بەرژەوەندییەکانی تاکە مرۆڤێک چواندنی تەهایان هەیە، جا گەرچی ئەو مرۆڤە تەنیا گرنگی بە سوودی تایبەتی خەی دەدات و نە مەئریفەی فەلسەفەیی و نە بەهرەی پێیامهێنییانەی هەیە. بە پێچەوانەشەوە دانیشتوان لە دەمکراتیدا تەنیا بە ئازادی تەدەکشن، ئەوە بە چەشنێک "کە ئیدی هەر یەکێک ئەوە ئەنجام دەدات کە خەی دەیەوێت" (هەمان سەرچاوە، 99)، بەمەش مانەوەی جڤاک دەخاتە مەترسییەوە. وەلە دەسەڵاتداریی پێیامهێنانی ناڕاستینە، بەسەهوودانانی سوودی ماتەریانە بە فەزیلەت، یان بەرپاکاریی جەنگ و دەردی ناوبانگ، نموونەن بە "دەوڵەتانی گەمژەیی و بەدکاری". ئەوجا گەرەکە ئاماژە بە ئەوە بدەین کە تەوانینی دەوڵەت لای فارابی جیاوازە لە تەوانینی فەیلەسوفانی پێشەنگی ئۆنتیکەش. بە نموونە پلاتۆن پێیسی گریکیی وەک زەمینەی ئیدیی دەوڵەت دانابوو، کەواتە هەمیشە لە مەدەللی شارەدەوڵەتێکی بۆئاشکرا سنووردارکراوەوە دەردەچوو. بەگومان فارابیش لە "مەدینە" دەدوێت کە وشە ئەرەبییەکەی شارە، وەلە ئەو لە یەکگرتنی کەی شارکان بە سەرجەمێک دەهزرێت. تەنیا کاتێک دانیشتوان دەتوانن بە کامیلەتی بگەن، گەر "ژمارەیەکی زۆری

کۆمەڵان" یەکبگرن کە لە سەرئەنجامدا ئوممەیەک وەک "کۆمەڵی فازیلەمەند" سەرهەڵدات (هەمان سەرچاوە، 54). ئەوها دەنوێنێت هەروەک ئەم گەنجینەوە بۆت بە ئیدیالێکانی سەردەمی سەرەتای ئیسلام و بەمەش بە هەزی پەیوەریی ئایین، وەلێ دەتوانین پتر وەک پەرچەکردار لەسەر تەنگژەی جیهانی ئیسلامی ئاڤێی بکەین کە لە سەردەمی فارابیدا قووڵ بووبوو. داوەشانی مەزنە دەوڵەت بە کەرتە دەوڵەتانی جەنگگەڵ لە دژی یەکدی، وەک بەگژیەک بە ئەو تەزە دەردەکەوت کە دەبژێت، جڤاکێکی فازیلەمەند تەنیا لەنێو پەیوەندییەکی فراوانتردا شیاوی بەدیهێنانە. ئەوجا گەر بە پاڵ ئەم ئاوەزگرایە توند جەختلێکراوەکەی فارابی بەهێند وەربگرین، ئەوسا ناشێت تێگەی "ئوممەت ئەلفازیلە" هاوتای "کۆمەڵی فازیلەمەندی ئیمانداران" دابنرێت، بە پێچەوانەوە دەشێت هاوتای "کۆمەڵی فازیلەمەندی" دەوڵەتی فەیلەسوفان بێت. وەلێ فارابی، بە پێچەوانەی پلاتۆن، گەرەنتیی مانەوەی ئەم کۆمەڵە فازیلەمەندە تەنیا لە هاوکاریی نەویکییانەی هەمووانداا دەبینێت کە پێکەا بگوترێ فازیلە کردار دەنوێنن، کەواتە لە کۆتاییدا لەنێو دەوڵەتێکی گشتگیری جیهانیدا دەبینێت.

مژووی کاریگەریی ئیدیالی فارابییانەی دەوڵەت

جێی سەرنجە کە کاریگەریی فارابی کەمتر لە تیۆرییە سیاسییەکەیدا بوو، بەڵکو پتر لە پێکەوگرێدانی مێتافیزیک / کۆسمۆلۆگی و پراکسیسی ژیانداا بوو. ئەو کامیلبوونی هۆشکییانەی بە ئامانجی کۆششی مرۆڤ دانا و هاوکات زەینی چالاکی ڕەکخراوی کۆسمۆلۆگییانەی لکاند بە جیهانی ماتریییەوە، بەمەش شتێکی زیندوو و واتامەندی بە نەخشەی ئەبستراکتی ژان بەخشی. گەر دەوڵەتێک بتوانێت هەندێ چاک بێت و بەو ڕەیەوە دەرفەت بە هاوڵاتیانی بڕەخسێت کە کارایی لە هۆشاندنی لەرەبوونی خەیاندا وەربگرن، ئەوسا تێکۆشین بە دانایی تەنیا بریسکانەوەی ڕەکخراوی گەردوونییانەی خودا نابێت، ئەوسا تەنیا کامیلکردنی مرالییانەی هەر تاکێکسێک نابێت، بەڵکو هەروەها بریتیش دەبێت لە چاککردنی ژینجیهان. فارابی لە "مەدینە" و "سیاسەت"دا خەی هەروەها بە تەوانینی ئەشاتەلەگییانەی کەنسێپتێکی لەمە دەوڵەت تەرخان دەکات. گەر پرسێکە بریتی بێت لە "دوایەمین شتێکان"، لە ئامانج و مەبەستی ژیانی مرۆڤ، ئەوسا ئەو مرۆڤە کە لە دەوڵەتێکی فازیلەمەنددا دژی، دەرفەتی هەیە خەی هێندە بهەشنەت و لەرەبوونێکی ئەوتەی مرالی بڕەوبڕێت، کە ئیدی دەروونی دوای مردنی لە لەشی جیادەبێتەوە تاکو لە

بەختیاریيەکی هەشکیيانەی ئەبەدیيدا بژی. وەلێ هاوڕاتیيانی دەوڵەتەکی نامرالی ئەم هەلێیان بە ناڕەخسێت، بەکو پاش مەرگیان بە نەفرەتی ژانی ئەبەدی دەبن. بەگومان لەو دەوڵەتانەدا کە نەزانی سەروەرە، ناشێت هاوڕاتیانیان لە شکستیان بەرپرسیار بکرێن، چونکە ئەوان تەنیا کارتەکی پرسەی ئەزلیيانەی سەرهەدان و لەناوچوونن، یان دەشێت بە بەختیاری بگەن گەر هاتوو خەزگەی لەربووونەکی مەرالییان هەبێت، سەرباری ئەوە بەیان نالوێت ئەم لەربووونە لەژێر مەرجەکانی دەوڵەتەکیاندا بژنن. ئەم جارە بیرکانن لە پابەندییاندا بە کەسمەلگیيەکەی فارابییەوە کە دیسانەوە کاریگەری لەسەر دەباتە نەوخەیی-ئیسلامیيەکان دەنوێنن.

دابەشبوونی ئیسلام بەسەر زرینەیەکی سوننی و کەمینەیەکی شیئیدا پێش سەردەمی فارابی ڕوویدابوو. جگە لەوە لەنێو ئەم دوو گرووپەشدا کارتەگرووپیی دی هاتنە ئاراوە، بەتایبەتی لەنێو شیئەکاندا. ئیسمائیلیيەکان یەکێک بوون لەم کارتەگرووپانەی نێو شیئیزم کە بەتایبەتی پێوەندییان بە دەوڵەتی فاتیمییەکانەوە لە تونس هەبوو و لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەشدا سەدەی یازدەیەم و دوازدەیەم لە میسر و سوریا بە ماوەیەک باڵادەست بوون.

وا دادەنرێت سەیف ئەلدەولە کە پشتیوانی فارابی بوو، لایەنگری شیئیزمی ئیسمائیلی بووبێت و هەر لەرشەوە کاریگەری لەسەر فەلسەفەکەی چەبووبێت. وەلێ ئەوەی ڕاستی بێت زرینەی نووسینەکانی لە کاتی ژیانیدا لە بەغداد سەریانهەدا، بەیە کاریگەرییەکە بە پێچەوانەوە بووە: ئیسمائیلیيەکان توخمی کەسمەلگی و ئیشاتەلگیيەکەی فارابییان وەرگرت، ئەوەش سەرئەنجامەکی ئاسایی بوو، چونکە شیئیزم بەگشتی و ئیسمائیلیيەکان بەتایبەتی وایان دادەنا کە پێشبینییەکانیان سەبارەت بە خەڵاس و کامیلبوون ئامانجی خودی ڕەکخراوی گەردوونن. هەر لەم پێوەندییەدا زەر جار ئاماژە بە نزیکیی نەوان ئیسلامی شیئی و ئایینی کریستیانی دراوە، وەلێ هەروەها لایەنی کەم پێوەندیيەکیش بە پێشبینییە گنۆستیکی و نوپلاتۆنییەکانی دەمەو کۆتایی ئەنتیکەوە گرنگە. ئیسمائیلیيەکان لەو بڕوایەدا لەتەک فیلەسوفانی نوپلاتۆنیيدا یەک دەگرنەوە، کە ئەوانیش خەڵاسی مرۆڤان بەند دەکەن بە کامیلبوونیانەوە، هەندە نەبێت کە ئاوەزی مرۆڤیان وەک سنووردار دەبینی، بەیە دەیان گەت مرۆڤان پێویستیان بە ڕێبەرایەتیی پێیامهێنەک یان ئیمامەکە. سەرباری ئەوە هەرڤانانی ئیسمائیلی هەڵیان دەدا ئاوەزمەندانە لە ڕەکخراوی گەردوون تێبگەن، لەم پێوەندییەشدا گرنگە

یەکگرتنەوەیەکی سووەهنەر لەتەک نەخشەی ژاندا دەربخەین: ئیسمائیلییەکان پێیوی کەسمەلگیی نوپلاتۆنییان دەکرد، بە نموونە لەو شوێیدا کە لای فارابی داڕژراوە. "پردی نێوان فەلسەفە و ئایین" (HI, 226) کە بەم نەخشەیە هادەکشرێت، پێگەی ئیمام و هەروەها ئیماندارانیش دەگرێتەوە. پێگەی ئیمام گەیاندنەکە لە نێوان: یەکەم زەین کە پەیامهێنە، و مرۆڤان کە وەک بوونەوەری دەروەندار سەر بە ئاستی باڵاتری هەشکیانەی پێتین، وەلێ هاوکات تووشی جیهانی ناپاکژی سەرهەدان و لێناوچوون بوون. گەر مرۆڤ خەی بەڕێی دانایەوە لە جیهانی ماتەری بڕبدات، ئیدی بە دەخی بەختەوەریی ئەبەدی شاد دەبێت. بێگومان ئیشاتەلێگیی ئیسمائیلی، بە پێچەوانەی قورئان و حەدیسەوە کە تەواو ڕەنگین و پڕژین وەسفی بەهەشت دەکەن، تەنیا سیمبەلیانە، واتا وەک پرسەی هەشاندن، لە بەهەشت تەدەگەیشت.

ئیخوان ئەلسەفای بەسرە

هەشاندن تەواو پراکتیکییانە واتای وەرگرتنی زانینیش دەگەیەنێت، وەک سەرئەنجامی ئەمەش "سەکتە" شیعییەکان بەرانبەر فەلسەفە و زانستەکان زەر کراوەتر بوون لە ئولەما: لە زانایانی سونەمەزهبی ئایین. تەکەبوونی فەلسەفەی نوپلاتۆنی و ئەنتیکە و زانستە سروشتییەکان بە پێشبینییە ئایینی و ئیشاتەلێگییەکان ئەدگارێکی تایبەتی کولتووری شیعی-ئیسلامییە لەم سەردەمەدا. ئەمە بە نموونەی فەنەمەنی "برایانی بێگەردی بەسرە" (ئیخوان ئەلسەفا) هوونەبەتەوە کە کەمەیەکی فەیلەسوفان و زانایانی سروشتی بوون. هاوکارانی ئەم کەمەییە دەمو کەتایی سەدەی دەیەمی زایینی لە شاری بەسرەی باشووری ئێراق دەژیان و پەدەچێت پێکرا پێوی بیروباوەڕی ئیسمائیلییان کردبێت. نووسینە بەناوبانگەکەیان بە ناونیشانی "ڕەسائیل" داشتنکی سەرنجاکێشی فەلسەفە (پێکەوە لەتەک لۆگیک و ئەتیکدا)، ماتماتیک و فیزیک، گەردوونناسی و تیەریی زەین، لە خەدگرێت. سەرجەمی ئەم بوارانە تەکەە دەبن بە ناوەرکە غەیبییەکانی (ئەستێرەیەکانی) ئەلخەمی، ئەسترەلۆگی و ئەفسونگەری، ئەوجا هەروەها داشتنی ڕەبازی شیعییانەی (ئیسمائیلییانەی) ئیمامەت و ئیشاتەلێگی دەتە پاڵیان. ڕەنگە ئامانجی ئەوان کەمتر داشتنکی ئێنسیکلۆپێدیانەی زانین بووبێت، چونکە داشتنی مەئریفە زانستییەکان لە زەر بەشیدا ڕواڵەتییە و بە بیرکەی غەیبانی شوێنراوە، نەخەر، پتر پەدەچێت ئامانجی ئیخوان بریتی بووبێت لە گەیاندنی پراکتیکییانەی پێشبینیی فارابییانە و نوپلاتۆنیانە،

لەرشدا بگومان هەگەی هووو خەیاس بەسەر مەئریفە و تەوانینی فەلسەفییدا تەدەپەڕێت. کەواتە مەسەلەی ئەوان داشتنی دانایی بوو، وەلە دانایی نەک وەک مەبەستەکی پشتریپەدراو، بەکو وەک هەبەریەک بە گەیشتن بە بەختەوەری و هەروەها بە گەیاندنی هەگەیەکی خەیاس. ئەوجا پشبینییەکی بەاوی نەو ئیسمائیلییەکانیش سەر بەم مەسەلەیە بوو کە وای دادەنا، ئایینی پەزەتیف بە ئیسلامیشەوە تەنیا خاوەنی هاستییەکی هەڕەیە. تەنیا کاتەک مرۆڤ ناوکی قووتری ئەم هاستییە دەناسێت، گەر ئەو بە لەرەبوونەکی هەشەکی بگات، بەمەش خەی لە سەرجەم زەبر و فریودانەکانی ژیانی ماتەریەل بەربدات. لەم هوانگەیەوە نووسینی "هەسائیل" کەمتر نیشانەی هەووستەکی تایبەتی ئیسمائیلی بوو، بەکو پتر هەەکی تراديسیۆنی بوو کە لەکاتی ئەنتیکەوە بەوای ئەشاتەلەگیانەی خەیاسی بە پشبینییە فەلسەفیی و گەردوونناسیەکانەوە گرێ دەدا. باوەجو لەنەو بازنەی ئەم پشبینییانەوە هەروەها "سەکتە" ئیسلامییەکانی زەدییە شیئی و دروز و ئەلەویەکان سەریانهەدا.

ئیبن سینا (ئاقیسەنا)
...

سەرچاوە:
Geert Hendrich, Arabisch-Islamische Philosophie, Frankfurt / M 2005

گلەساری وەرگێ

ئایینی پەزەتیف (religio positiva): تەگەیشتنە لە ئایین وەک سروش و دامەزراوە، بە پەچەوانەی "ئایینی سروشتی" یان "ئایینی ئاوەز"ەوە وەک جیهانبینی کە سەربەخۆیە لە ئایینە ناونراو بە ئاسمانییەکان و دشەت ببەت بە فەرمی ژیانی تاکەکەسەک.
ئشاتەلەگی: وشەیەکی گریکییە، بەواتای: پاشەڕۆژناسی کە بەندە بە هەڕی قیامەتەوە.
ئیسمائیلییەکان: (ئەلئیسمائیلییە)، شیئەی حەوت ئیمام، بە پەچەوانەی شیئەی دوازدە ئیمامەوە، کە وا باوەڕە دەکات گەیا ئیسمائیل کە پش جەئفەر ئەلسادیقی باوکی مرد، حەوتەمین ئیمامە، نەک موسا ئەلکازم کە دووەم کوڕی ئەلسادیق بوو.
گنۆستیک، زانینومای ئەو جەریانە هزری-ئایینییەی سەرەتای کریستیانەتی بوو کە جیهانی سەرمەدیی لە تەوانینی خوداوە ئەزموون دەکرد.

ئەلخەمی: خیمیا وشەیەکی گریکییە کە پاشان چووە نێو زمانی ئەرەبییەوە. ئەلخەمی لەکەی فەلسەفەی سروشت و دەرمانسازی بوو کە سەدەی حەقدەیەم لە کیمیای مەدەرن جیاکرایەوە، شەوازەکی هزرین بوو سەبارەت بە کارایی جیهان، ئامانجیشی ئەوە بوو کە کەرەسەکان لە یەکدی جیابکاتەوە یان گەیانیان بەسەردا بهێنێت، بە نموونە قوقوشم یان مەتالی دیکەی کەم بەها وەربگەڕێت بە ئالتون.
ئەستێرەلۆگی: ئەبازی هاقکردنی هەوداوە زەمینییەکان بەگوێرەی هەلکەوتەی ئەستێرەکان و هەوداوەکانی نێویان.
زەیدییەکان (ئەلزەیدییە): باسکی شیئی بوون و خەیان دەگەیاندوە بە زەیدی کوڕی ئەلی، کە نەوەی حسێنی کوڕی ئەلیی ئەبی تالیب بوو. زەید، بەگوێرەی گەیانوکان، ساڵی 740 لە دەسەڵاتداریی ئەمویەکان یاخی بوو و تێدا خەیشی کوژرا.
زەینی چالاک: ئەم تێگەیەی ئەپیستەمۆلیس کە تا ئێستا لە داشتنی هزری هەندێک فەیلەسوفی ئیسلامیدا بەردەوام ئاماژەی پێدەرێتەوە، هەوڵکردنەوەی وردتری بە پتر لێتێگەیشتن گەرەکە.
ئەپیستەمۆلیس سەرجەم جیهان و کەرتەکانی وەک زوبستانس (گەوهەر) دەبینێت، وەلێ جیاوازی دەکات لە نێوان یەکەم و دووەم گەوهەردا. یەکەم گەوهەر لە تاکەکاندا دەردەکەوێت، بە نموونە یەک تاکی مرۆڤ، وەلێ دووەم گەوهەر گشتییە و جەر و بەگزی یەکەم گەوهەر دیاری دەکات، بە نموونە: مرۆڤ، زیندەوەر. کەواتە گشتێتی / کرێک / فەرم کە ئامانجی توێژینەوەی زانستییە، لە لەرەبوونی تاکە شتەکاندا دەردەکەوێت، ئاخر لە نێوان تاکێتی و گشتێتیدا، کەرەسە و فەرمدا، پەیوەندییەکی هەئەنجامی (تەلیلەگیانە) هەیە. لەرەشدا دەرککردن دەستپێکی پرسەی مەئریفەییە.
سەرەتا دەرککردن فەرمێک بە هەش (دەروون) دەناسێنێت کە لە نێو شتێکی جیهانی ماتریدایە. ئەم لەردا گشتییەکی سەرەتایمان لە نێو هەشدا هەیە کە بریتییە لە پێشبینییەکی سێنسی و ئەپیستەمۆلیس ناوی دەنێت "فەرمی سێنسی". ئەوجا گەر ێیزێک پێشبینیی هاوجەر لە نێو یادەوەریماندا کەبنەوە، ئەوسا لەویان پێشبینیی دیکە دەسازێنین و گشتییەکیان بەرزترە لە گشتێتیی پێشبینییە سێنسییەکان. بە نموونە سەرەتا پێشبینیی ئاژەڵێکی تایبەتیمان هەیە کە ئەسپێکە. ئەم پێشبینییە بریتییە لە گشتییەک. گەر پاشان کەمەک پێشبینیی دیکەی لەم جەرە کە بەنەوە، بە نموونە پێشبینیی ئەسپ، کەر، شێر، گورگ و هتد، ئیدی بەهۆی کارایی زەینەوە دەگەین بە پێشبینیی ئاژەڵ کە ئاستێکی بااڵی گشتییە هەیە و تەنانەت تەواو لە خودی تێگەی گشتێتی نزیک دەکەوێتەوە. ئەپیستەمۆلیس ئەم پێشبینییە ناو دەنێت "تایبەتمەندیی

زینی”، وەلێ جارێ لە ناوەڕۆکدا پێشبینییەکی سەنسیبڵ و لەنێو دەروونی نزمی بمردایە. ئەم بریتییە لە زینی ناچالاک کە پاشان زینی چالاک دەستی بەسەردا دەگرێت و لێوەی کرێکی تێگەیی (ئیدیاڵ) دەردەکەشێت. بەگومان کرێکی تێگەیی بەشیمانەیی (پێتەنسیاڵ / هەزکیانە) لەنێو پێشبینییەکاندایە کە ئاوەزی پێتی (نووس) دەیکات بە کردەکی (ئەکتوالیزەی دەکات)، ئاوەزیش هەمیشە لە خەیاڵ چالاک دەبێت، جا گەرچی بەبێ پێشبینییەکان ناهزرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئاوەزی پێتی کە تێگەکان چەدەکات، خەی پرنسیپێکی ئافرێنەرە و لەنێو خەیاڵەوە بەبێ کاریگەریی پێشبینییە ماتریالەکان گیان بە کرێکی تێگەیی دەدات، چونکە هیچ شتێک پێی تێکەڵ نەبووە، بەڵکو سەربەخۆیە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئەیستەتیلیس زینی چالاک بە ئەزەلی و نەمر دادەنێت.

لە نێوان ئازاری دنیایی و ئازاری گوماندا لە شیعری ” تەم و مــــژ”ی محەمەد عـــــومەر عوسماندا.. نووسینی/ عەتا قەرەداخی

” تەم و مژ” شیعرێکی محەمەد عومەرعوسمانە کە لە ساڵی ١٩٨٣ دا نووسیووەتی و لە لاپەڕە (٨٣-٨٧) ی دیوانێکیدا کە بەناوی “لە غوربەتدا” یە باڵاوبووەتەوە. ئەم پێشتر چەند جارێک لەسەر ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دواوین و باسی ئەوەمان کردووە جیهانبینی شیعری ئەم شاعیرە بەگشتی لە چوارچێوەی ناونیشانی دیوانەکیدا (لە غوربەتدا) بەرجەستە دەبێت. کە ئەمەش بە زمانێکی ڕوون و دوور لە تەم و مژ و بە ئاستێکی بەرز لەشیعریەت و بە ڕەهەندی قوڵی جیهانبینی ئینسانیەوە بەرجەستە دەکات.
” تەم و مژ” ناونیشانی ئەم دەقە شیعریەیە، کە لە ڕاستیدا وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بە کرد، لە ئاستی زمانی شیعریدا نێک لەم

دەقەدا بەکو لە سەرجەم شیعرەکانی ئەودا تەم و مژ بوونی نیە یان نابینرێت. بەڵام جیهانبینی قوە و فەلسەفیانەی دەقەکانی و بەکارهێستەکردنی چەندین تەوخم و رەگەزو هەمای جەراوجەر لە دەقەکانیدا و کردنیان بە پایەی بەرهەمهێنانی شیعرو شیعریەت لای ئەم شاعیرە دەشێت لە رووی پرسیاری دەقەکانی و جیهانبینیانەوە هەم تەم و مژ و هەم ئاڵەزی دروست بکات، ئەویش بەهۆی مەودا قوڵی پرسیارو جیهانبینی فیکری و فەلسەفی دەقەکانیەوە. سەرباری ئاستێکی باڵا لە جوانی، بەرهەمهێنان و بەخشینی چێژێکی دوورماند بەخوێنەر لە ئاستی بینراوی دەقەکاندا، دەقەکانی وەکو کەمێک تابلۆی نەخشێنراو و سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکات. جوانی دەقەکانی لە ئاستی بینراوداو بەرهەمهێنانی چێژی جوانی لە جوانی زمان و وێنەو میتافەرو لێکچوون و رەگەزەکانی تری ڕەوانبێژی و مۆسیقای باڵای شیعریی دەقەکانی بەرهەم دەێت. سەرباری زمانی ڕوونی دەقەکانی، گرنگیشتن بە ئاشکراکردن و دەزێنەوەی ئەو پرسیارە مەودا قوڵانەی کە دەقەکانی بەرزیان دەکاتەوە، دەشێت نەک هەر تەم و مژاوی و ئاڵەز بێت، بەڵکو کارەکە بە قوڵبوونەوەو شیکارکردن و هەڵکەڵین دەست پێگەیشتنیان ئاسان نیە.
ئایا " تەم و مژ" وەکو ناونیشان کەکەڕەوی ئاستی بینراو و نەبینراوی دەقەکەیە، واتە کەکەڕەوی ئاستی زمان و ئاستی دەلالی دەقەکەیە؟ هەبەت پرسیارو جیهانبینی دەقەکە لەم ئاستەیاندا ئاشکرا دەکرێت. ڕەنگە وەڵامدانەوەی خوێنەری ئاسایی بە ئاستی بینراوی دەقەکەو چێژ لە وەرگرتنی وەڵامەکی ڕوون بێت چونکە لە ئاستی زمانی یەکەم یان زمانی بینراوی دەقەکەدا تەم و مژ بوونی نیە. هەربۆیە دەشێت لەم لایەنەوە بگوترێت ئەم ناونیشانە دەربڕین نییە لەم دەقە. بەڵام دەشێت لە ڕوانگەی ئاستی نەبینراوی دەقەکەوە بگوترێت بەڵێ ئەم ناونیشانە دەربڕی دەقەکەیەو لەم ڕووەشەوە دەکرێت ببێتە کلیل بۆ کردنەوەی دەرگای دەقەکەو شڵەبوونەوە بۆ ئاستە نەبینراوەکانی و ئاشکراکردنی کەدەکانی و دەزێنەوەی ماناو دەلالەت و جیهانبینیەکەی. کەواتە لەم ڕووەوە ناتوانرێت بگوترێت ئەم ناونیشانە پەیوەندی نییە بە پێکهاتەی دەقەکەوە وەکو یەکەیەکی یەکگرتووی زمانی کە خاسیەتی دەقبوون و دەقی زیندووی هەیە.
" تەم و مژ" کە نووسینی بەم شێوەیە دوو وشەیە و" تەمومژ" وشەیەکی لێکدراوەو لە هەردوو بارەکەدا وەکو یەکەیەکی زمانی دەلالەتی جێگیری هەیە کە بریتیە لە لەی، ناڕوونی، نائاشکرایی. " تەمومژ" لە ئینجیلدا وێنەیەکە لەپێش دەرکەوتن یان ئاشکرابوونی ڕووداو یان دیاردەیەکی گەورەوە دێت. هەروەها ئەم زاراوەیە وەکو ڕووبەرێکی خەڵەمێشی دادەنرێت لە ڕوان راستی و ناڕاستی، یان لە ڕوان

دنیایی و نادنیاییدا سەبارەت بە داهاتوو. " تۆمۆمژ" لای براونینگی شاعیری دیاری قەناغی رۆمانسی شیعری ئینگلیزی پێشهاتە بە مردن یان مردن و لەناوچوون دەنوێنێت. کەواتە بابزانین تا چەند دەلالەتی ئەم ناونیشانە لە پێکهاتەی دەقەکەدا دەبینرێت. دەقەکە بەم کۆپلەیە دەست پێدەکات:
من هاواری ملیۆن داری / بڕ ڕەشەبای لەپەل کەوتوو-و هەوەریوم / من زایەڵەی ملیۆن ماڵی../ لانە روخاو-و تاریوم / لە پەنجەڕەی پایزێکی ئەبەدیدا../ ئەوانەم دنیای تەم و / خوێنی ڕژاوی گەلاکان / ئەوانەم چرای کوژاوەی ماڵەکان./
لە دەستپێکی ئەم دەقە شیعرییەدا، کەسێک دەدوێت و بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک خەی پێشکەش دەکات و لەڕووی خەی بە خوێنەر دەناسێنێت. ئەم باسی پاڵەوانێتی و ئەو ڕووداوانە ناکات کە خەی بکەرو دروستکەریان بووە. بەڵکو باسی ئەوە دەکات کە خەی چییەو چی دەبینێت. ئەم خەی وەکو دەنگ، یان هاوار دەناسێنێت، بەڵام دەنگ و هاواری کە، یان دەنگ و هاواری چی؟ ئەم چەند وێنەیەکمان پێشکەش دەکات بە ئەوەی زەمینەیەک ئامادە بکات هەتا ئەمە وەکو خوێنەر یان بیسەر بە بینینی ئەو دیمەنە، یان بیستنی دەنگ و هاواری دەرئەنجامی ئەوەی ڕووداوە ئامادە بکات. ئەم وێنەی ملیۆن دارمان بە دەگرێت، کە ڕەشەبا خستوونی و هەڵی وەراندوون. دارەکان لە بەربەرەکانێی ڕەشەبادا بوون و بەئاسانی خەیان نەداوە بدەستەوە، تا سەرئەنجام ڕەشەبای بەهێز زاڵبووە بەسەریانداو شکاندوونیەتیەوە و ئێستا لە ئازارو ژانی شکاندنەوە و هەوەرین و کەوتندا دەناڵێنن. ئەم خەی وەکو ئەو هاوارو ناڵینەی دارەکان پێشکەش دەکات کە ئازاری شکاندنەوە و کەوتن سەرچاوەکەیەتی.
جارێکی تر وێنەی ملیۆن ماڵ بەرجەستە دەکات، کە هێلانەکانیان نغرە بووە و ئێستا بە لانەو ماڵن. ماڵەکان لە ئازاری لانە وەرانی و سەرلەشیواوی و بە ماڵیدا دەنگی بەزاری، دەنگی نزاو پاڕانەوە، بەرزدەکەنەوە. ڕەنگە بیانووت ئەم دەنگە بە شوێنێک بگات بەو ئومێدەی دەستگیرەییان بکات. ئەم، ئەو دەنگەیە، ئەو زایەڵەیە کە ماڵەکان بەرزی دەکەنەوە. لەڕەدا لەم دوو وێنەیەدا دەردەکەوێت، کە ئەم وەکو دەنگ و هاواری ئەوانە خەی پێشکەش دەکات، کە بەهەر شێوەیەک بێت سروشت، یان مرۆڤ غەدری لێکردوون. واتە ئەم دەنگ و هاواری ماف خوراوان و ماف زەوتکراوانە. لە لایەکی ترەوە ئەم خاسەتی مرۆڤ بەم ڕەگەزانەی سروشت، کە لەڕەدا دارو ماڵەکانن دەبەخشێت. دارەکان لەبەردەمی ڕەشەبادا ئازار دەچێژن، هاواریان لە بەرزدەبێتەوە، کە ئەمەش خاسەتی مرۆڤ، یان بەگشتی خاسەتی زیندەوەرانە. بەخشینی خاسەتەکانی مرۆڤ بە ڕەگەزەکانی سروشت مانای

بەرزکردنەوە، یان بەرزدانانی ئەم ڕۆگەزانەیە بە ئاستی مرۆڤ، یان وەکو مرۆڤ. ئەمەش خاستەکی دیاری ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەیە، کە هەمان شێوەی مرۆڤ دەوانتە ڕۆگەزە نامرۆییەکانی سروشت، بتایبەتی ئەو ڕۆگەزانەی دەتوانن جوانی و بەهاکانی جوانی بەرهەم بهێنن.
ئەم لە کاتێکدا خەی وەکو هاواری ملیۆن داری بەر ڕێشباو وەکو زایەڵی ملیۆن مااڵی تریوو پشکێش دەکات، هیچ جووڵەیەک ناکات، بەڵکو لە شوێنی خۆیەوە دەوانێت، ئەویش لە پەنجەرەی پایزێکی ئەبەدیەوە دەوانتە دنیای تەم و خوێنی رژاوی گیاکان و چرای کوژاوەی ماڵەکان. ئەم سێ شت دەبینێت کە هەرسێکیان فەزای جەرگ لە تراژیدیا پێکدەهێنن. تەم یان تەمومژ هەمای لێی و ناڕوونی و نادڵنیایی و پشهاتی مەرگ. خوێنی رژاو ئاماژە بە کوشتن دەکات. چرای کوژاوەی ماڵەکان دااڵتی چێی و نەبوونی ژیان و خامۆشی و وەرانیی هەدەگرێت. ئەم سێیری ئەم دیمەنانە دەکات کە کارەسات نیشان دەدەن. لە کۆیشەوە دەوانێت، لە پەنجەرەی پایزێکی ئەبەدیەوە. بگومان دیسان پایز دااڵتی زەردبوون، بەرەو کۆتایی چوون و کۆتن و مردن هەدەگرێت. ئەم لە پەنجەرەی، یان لە ڕوانگەی ئەم وەرزەوە دەوانێت و خاستی ئەبەدی یان هەتاهەتایی دەدات بە پایز. بەمانایەکی تر ئەم لە نەو ئەم دیمەنی هەتاهەتایی زەردبوون و بەرەو کۆتایی چوون و مردنەوە دەوانتە ئەو دیمەنە خەماوی و تراژیدیانەی کە باسیان دەکات. هەرۆک ئاشکرایە پایز نەک هەرۆک وشە، یان وەکو دااڵک، یان وەکو وەرزێکی بە الیەن، بەڵکو پایز وەکو فەزای گشتی و وەکو ڕۆگەزێکی بەرهەمهێنانی دەق و کارەستەی بنیادنانی دەق بە هەموو ماناو دااڵتەکانیەوە ڕۆگەزێکی هەمیشە ئامادەیە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا.
لە دەقەکەدا هاتووە:
ئیسماعیلەکم ئەستاکە..نەک چەقەی ئیبراهیمی باوک../ چەقەی دەستی دەوی غوربەت سەرم ئەبڕێ / چ فریشتەیەک ئەگاتە هانای زریکەی بەر لە مەرگ و سەربڕینم؟/ چ فریشتەیەک گیاندارە ئەکاتە قەچی قوربانیی ئەم غوربەتە؟/ ئەی خوای گەورە نایەتە دەنگ؟/ لە گەرووی کەنیسکانا../ خنکاوە پیامی عیساو زایەڵەی زەنگ / مەسیح هەر بە خاچەوەیە../ ئەسک و گشتی لەگەڵ تەختەو بزماری خاچ تەکەڵ بووە / خوێنی هەمی لە هەئەسە../ ئەی نابینن هەمی خوێنی../ چیاو دەشتی سوور کردووە؟ / هەوا بۆنی مەرگی لێ دێ../ مەرگ ڕێشباڵی هەڵکردووە./
ترسناك بۆكاركران(614000 هەزار كرێكار لە كێی هەزی كاری پیشەسازی 2.7ملیون كرێكار لە نێوان 1989-1990 لەسەر كار لابران.

- پشتیوانی سەرەكی بوو بۆ ئەندامبوونی سلۆڤاكیا لە یەكێتی ئۆروپا و ناتۆ.
- ئەم ڕۆشنبیرە لە كۆمەڵگەی مەدەنی سەر بە ڕژئاوابوو كاتێ وڵاتەكەی سۆسیالیستی بوو.
- لەهەمەتهی بۆ هەڵبژاردنی بە سەرۆكی حكومە بانگەوازی كرد بۆ پاكسازی دەزگاكانی دەوڵەت لە سۆسیالیستەكان و وتی: لە سفرەوە دەست پێدەكەم بۆ ئیدارەدانی كاروباری ناوخۆ و پۆلیسی سیاسی. ئەو بانگەشانە خەونی سی ئای بوو.
- لە ژیاننامەی ئەم گاڵتەجاڕە(لاكان)یە هاتووە: لە(سلۆڤینیا) من وەك كەسێكی بەهەڵویستی تاریك، شووم، سیاسەتمەدارێكی پیلانگێڕ. من ئەم پیاهەڵدانەم پێخۆشە و لەلامدا زۆر دڵگیرە.
- لە وڵامی بۆدمانكردنی یوگسلافیا بەڕۆیان نا، وەك چەپێك ئەمەیە: هێشتا هەر بۆمبارانكردن بەس نیە كەرچی زۆر دواكەوتووە…من هەمیشە ئەمویست ڕژئاوا دەستوەردان بكەن.
- گەرچی خۆی بە تووندەوو پیشاندەدا، بەڵام پاپەندی دڕووشمەكەی مارگریت تاتشەرە(ئەتەرناتیڤ نیە).
- سەرمایەداری لە هەموو سیستەمەكان خراپترە، بەم سیستەمێكی باشترمان نیە.

ئەم گاڵتەجاڕە نیولیبڕالە"ماركسیە" بەناوبانگە لە دنیای سەرمایەداری… لادەرێكی هەڵپەرستە بۆ دوا وشەكەی مانیفێستی كۆمونیستی: ئەی ڕۆشبیرە بەكارەكانی سەر بە ڕژئاوا یەككرن و كتێبە داهاتووەكەم بكەن یان فیلمە یان هەر شتێكم، هەر شتێك.

گاڵتەجاڕی ژیژیك لە ڕاگەیاندنی كوردی وەك ڕزگار و پیامبەری ئازادی پیشاندەدرێ. ئەوە نیە لە سایتی وشە، 17.4.2019) هاتووە: (لەبارەی ئازادییەوەش ژیژك لەو بۆچوونەیە، كە ئازادی لە تاكی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەوە دروست دەبێ، كە سەرەتا لە خانەوادە و دواتر لە بازاڕە دواتر دێتە ژێر دەستی حكوومەت و سیستەمە جیا جیاكانی فەرمانڕەوایی، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی كە هیچ شتێك ڕوون نابێ و حەقیقەت نییە، ئەگەر لە پشتەوەی پێوەندی كۆمەڵایەتی و سیستەمی سیمبۆل و هێماكان بوونیان نەبێ، كەواتە ئەو دوو شتەی پێناسی مرۆڤن، لە هەمان كاتدا وەدیهێنەری ڕووناكی و ئازادین بۆ ژیانی مرۆڤەكان.)

ئەمانە ئەڵێی میمونن، بە سەرسامیەوە بۆ ئەم جۆرە گاڵتەجاڕانە دەوانن و لێیان بووە بە پەیامبەر. هەر راستیانە ئازادی لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان سەرچاوە وەردەگرێت؟ تۆ بڵێ ئازادی لە رزگاریمان لە کاردا نەبێت؟!
سایتی(ڕۆژنیوز، 29.9.2022) بەبۆ ئەوە وردببنەوە، وتەیەکی ژیژکیان وەرگرتووە و لە پێشەوە وەك فەیلەسوف و رەخنەگری بەناوبانگ پێهەدەڵێن: ئەو ڕاپۆرتەی بۆ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی لە وڵاتی ئێران سەریهەداوە، جیاوازە لەگەڵ بزوتنەوە و فەمینیزمی وڵاتانی پێشکەوتوو و دژە پیاو نییە.)
ژیژیك لەو وتەیەش: 1- راستی نەپاراستووە، چونکە تووشی گشگیرکردن بووە(بزووتنەوەی فەمینستەکان). 2- هەموو فەمنیستەکانی ڕۆژئاواش دژی پیاو نین. چەندین ڕەوت و بۆچوونی جیاوازیان هەیە و ناکرێ هەویستی فەمنستکی سۆسیالیست و فەمنستکی ڕاستەو و کۆنەپارێز و دیموکرات و ئەنارشی و لیبڕال بە یەك چاو تەماشایان بکرێ. 3- مەعریفەتکی نوێ نیە کە داخوازی ژنان و شێوەی خەباتیان لە ئێران یان هەر وڵاتکی تر جیاوازن. نە داخوازایان گشتگیر دەکرێ و نە ناوەڕۆکی بزووتنەکانیان.
لە نامیلکەیەکی دەزگای ئایدیا(100 کتێب) تایبەت بە کابرای قەشمەر، لە گفتوگۆی تاتس تسایتوونگ، بە ڕاشکاوی نەزانی خۆی درخستووە لە هەڵسەنگاندنی(بەهاری عەرەبی): ئەوەی ئەمڕۆ لەم شڕشانەدا دەیبینین بریتییە لە، بزووتنەوەیەکی ئونیڤرسالە« جیهانی، کە خەبات بۆ ئازادیی و هاوکاری زیاتر دەکات«.
ئەم قەرەقوشە"چەپە" لەبارەی کۆمونیزم بەم شێوەیە دەدوێ: (- لە ڕوانگەی منەوە، کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم، مۆزنترین کارەساتی ئەخلاقی- سیاسییە لە مێژوودا، کارەساتکی گەورەتریشە لە فاشیزم، بەڵام لە سەرەتای ڕۆژانی شڕشی ئۆکتۆبەر دا وەڵای بوونی چەمکی (دەندەیی سور)، ئازادیی تایبەتی و تەقینەوەی ئەدەبی بەرلەوەی ببێتە کابوس(
ژیژك بە خۆی گەمژەیی خۆی دەردەخات کاتێ دوو سیستەمی جیاواز بە ناو و ناوەڕۆك و ئامانج و پێکهات و فەلسەفە و بۆچوون بەیەك دەشوبهێنێ، بەداخەوەیە سووپای سووری سۆڤێت سەرکەوتنی بەسەر نازیزم بەدەستهێنا و تەنانەت سوڤێت بە خراپتر لە ڕژەمی نازی هیتلەی دەزانێ:
"ئەگەر ئاستکی دیاریکراوی ئازارکان بپێویت، ستالینیزم لە نازیزم خراپتر بوو"، وادیارە بۆ داخوێ دڵت کە سوپای

سووری ستالین شکستی بە ئامانجی جەنگی نازی هێنا. [4] ئەو پێداگری دەکات کە "مێژوو سەیرم لە تۆندوتیژییەکانیدا وەک کۆمۆنیزم "ئایدیکال" نەبووە و "کۆشکی هیتلەر ئەوە بوو کە ئەو بەس تۆندوتیژ نەبووە". [5] "جەنگ بتوانێت هەندێک ئامانجگاری لە ماو تسیتەنگ وەربگرێت کە بە گوێرەی ئەم تیۆریستە گەورەیە "بەیاری بەبڕیارنە بە برسیکردنی دێیان ملیۆن کەس و مردنی" داوە. [6]
لەاستیدا هەپەرستێکی لیبڕاڵ و گاڵتەجاڕ لە دەزگای ڕۆشنبیری ئیمپریالیسستەکانە و لەبەرچاوی ڕۆشنبیرە کارتێنییەکان بووە بە فەیلەسوف.
ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت و هیوادارم هاوڕێ و برادەری تر خەمی نووسینێکی تری هەبێت لەم بارەیەوە.

حەسانەوە.. پشکۆی ناکام

سەرکردەی هێچ ووڵاتێک پێلاماری کاروانی بازرگانی لە دەریا یان لەسەر ئەرز بەدات ئەوە بە یەک و دوو کردن پێ ی ئەڵێن "چەتە/قرصان"، محمدی قوڕەیشی کاروانی بازرگانی قوڕەیش نەما بوو پێلاماری نەیا و تاڵانی نەکا ، کەس هیچی نەووت چونکە ئەو: پێغەمبەری خوا بووە...!!!

() هەر سەرکردەیان فەرمانڕەوایەک یەک لەسەر پێنجی داهاتی میللەتەکەی بڕە بە خێی ئەوا ئەو زاتە بە "دزی کردن" لە داهاتی گشتی تاوانبار ئەکرێ ، بەناو محمدی قوڕەیشی بەناوی "یەک لە پێنج / خمس"ی خوا و پێغەمبەرەکەی ، یەک لەسەر پێنجی هەموو داهاتی قوڕەیشی بە خێی لوش ئەدا و هیچی پئ نەووترا چونکە ئەو: پێغەمبەری خوا بووە...!!!

() لە شەڕی دوو وڵات یان دوو لایەن ، سەرکی لایەنە سەرکەووتوەکە چی کچی شێخ و شەنگی لایەنە دۆڕاوەکە بە "ئابواردن" بە خێی ببات ، ئەو سەرکە پێ ی ئەووترێ "شەهوانی" ، کەچی محمدی قوڕەیشی لە داگیر کردنی خەڵک جولەکەکا نا چی کچی دەگمەن وەک" سەفیە کچی حوێی"و "ریحانە کچی شمعون" هەیە بردنی بە خێی و ناوی لێنان

“دەستکەوتی جەنگ/ غنیمة”،
لەگەڵ ئەوەیشا کەس فزەی لێوە نەهات چونکە ئەو: پێغەمبەری خوا بووە…!!!

() گەر سەرکردەیەک ووشات و گەلەکەی دووچاری نەشکەنجە و نە دووان بکا ، بە کەسکی “خوێن ڕشتن” ئەناسرێ ، محمدی قورەیشی لە تەنها هەشت ساڵا “27” جەنگ و (56) پێلاماری سەربازی بە جێ گەیانوە ، کەسیش هیچی نەووتوە چونکە ئەو:
پێغەمبەری خوا بووە…!!!

() هەنانی کچکی (9) نێ ساڵان لەلایەن فەرماندەوایەکی پیرەوە بە “نەخشی سەکس” ناو ئەبرێ ، سەردەای ئەمە محمدی قورەیشی “عائشە”ی بە (6)شەش ساڵی بردە لای خەی و کە بوو بە (9)ساڵ هەنای کە تەمەنی وەک باپیری وا بوو.! کەس ناڕزا نەبوو چونکە ئەو: پێغەمبەری خوا بووە…!!!

() کاتێ سەرکردەیەک یاسا یان فەرمانێک دەرئەکا نابێ خەی لە سەروو ئەو یاسایەوە بێ ، کە وای کرد ئەبێ بە “دیکتاتەر”، بەڵام محمدی قورەیشی کە یاسای ئیسلامی حەڵاڵ بوونی چوار ژنی بە پیاوەکانی بە دوایەوە بوون دەرکرد خەی (11) ژنی “ئاشکرا”ی هەبوە ، هەمووش بە دەنگ بوون ، چونکە ئەو : پێغەمبەری خوا بووە…!!!

() یەکێ لە سیفەتەکانی “مافیا”ئەوەیە کە نەیارەکانی خەی لەناو ببات و هەرکەسێ لە ی جیابوە بە”خائین”ناوی ئەبات، کەچی محمدی قورەیشی فەرمانی کوشتنی بە هەموو ئەوانە دەرکرد کە بڕیان هەشت و بە “مورتەد”ناوی بردن و ووتی: (ئەو کەسەی دینەکەی بگۆڕێ ئەبە بکوژرێ)… و هەموو لە ی بە دەنگن ، چونکە ئەو: پێغەمبەری خوا بووە…!!!

() هەر سەرکردەیەک پێکهاتێ و کەمە نەتەواتیەکان لەناو بڕە یان بە کەچ کردن ناچاریان بکا ئەوە بە”تاوانباری جەنگ”ئا ژمێرێ ، بەڵام ئەبینین محمدی قورەیشی “یهود بنی قوریة”ی قەتڵ و عام کرد و”یهود بنی نظیر”ی ناچار بە ڕاکردن و پاشان بە کەچ کردن کرد ، بەیاریشی دەرکرد : جگە لە ئیسلام نابێ یەک مەسیحی یان جولەکە لە جەزیرەی عەرەبیا بمێنێ ،، ئەستاشی لەسەر بە کەس نوتقی نەکرد چونکە ئەو: پێغەمبەری خوا بووە…!!!

() سەرکردەیەک بێ ئەو لەلایەن خواوە ڕاسپێدراوە هەرچی نەبێ بە ئیسلام ئەبێ بکوژرێ ، یان پێشیمان ببنەوە و شایەتمان بە تەنهایی

خوا و گوریی خی وک پغمر بنن ، ئو کات بر لبوردن ئکون و لناو ناچن.. بو سرکردیی ئووتر" کم ئق /شت"، کچی محمدی قویشی ئوانی کرد و شی دونیای کرد و کس باسی لو ناکا ، چونکی ئو:
پغمری خوا بوو…!!!

…. ئاخ بچی چاوپشی لو هموو تاوانانی ئیسلام و پغمرکی ئکر ؟ تنها لبر ئوی پاساوکی ئایینی لی پشتویی ؟ بی هر ووتاتک و هر لاینک بی جرک باسی لو ئکا ؟
ئایا ترسیان لی فرشتنی نوتکیان هیی..؟ ..تی بی ی سازش لسر"مژوو" بکری و کی مژوو خراوتی ترازووی پار و توند و تیژی و باز بی سردانا ..؟..گر محمدی قویشی ویک پغمرک بی هبووبی ئو هموو کوشت و کوشتار و تاوانانی ئنجام بات ، خی هیتلر.. و.. ستالین.. و مسلینی.. و صدام..و..و.. لای بشک خک بی ئوان پغمرک بوون بی خیان ، کواتی ئوانی لی پغمری مزنکانی خوا و مژوون و شرعییتک هیی لی تاوانکانیانا ..!!
یان ئبی هر هموویان بی "محمد"یشوی تاوانبار بکرن ، ویک یک سیر بکرن، بی ئمی ئیسلام و محمد یش پارزراو نین و ناخرنی لیستی : "حصانی" وی

پیام ئیبراهیم و رمانی نازیلی مانگ و شازادی خر.. رزا شوان

باسکردن لی رمان، باسکردنی لی جرکی گرنگ و باو و باوی ئدبی، کی شوننکی بارزی لی ئدبی نودا هیی. رمان هونرکی خیالی تازیی لی هونرکانی ئدب. کی لی رژئاوادا سری هدا. رمان لی چیرک درژتر، یا لی زنجیر چیرکک پکهاتوو. بی شوی پخشان دادژرت و باس لی کمک رووداوی همجر دکات.

بەجگە لە پاڵەوانی سەرەکی، ژمارەیەکی زۆری کاراکتەری (کۆسایەتی) تەدا بەشدارن و رۆڵیان لە رووداوەکانی ڕەماندا هەیە. دەشە رووداوەکان لە لە شوێن و دەخەکی نامە و خەیاڵیدابن. دەشەش کارەکتەررکان راستیبن یا خەیاڵیبن، مەرجیش نییە کە تەنیا مرۆڤبن، دەکرێ باڵندە و ئاژەڵ، یا شتی خەیاڵی و ئەفسانەیی بن، بە تایبەتیش لە ڕەمانی منداڵاندا. خەیاڵ ڕۆڵەکی سەرەکی و گرنگی لە نووسینی ڕەماندا هەیە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا، بەراورد بە ژانرەکانی تری ئەدەب، ڕەمان گرنگترین ژانری ئەدەبییە و زۆرترین خوێنەری هەیە. جیوازیشی لەوەدایە، کە چەژ و خەشی و جوانی و هونەر و زمان و ئەندێشە و فانتازی و ئەفسوونی لەخەگرتووە و باس لە کێشەکانی ژیان و لە ململانێی نێوان باش و خراپ و شڕ و ئاشتی و لە هیوا و لە خەونەکانی مرۆڤ دەکات. ڕەمان خوێنەران دەهێنێتە ناو جیهانێکی بەرینەوە. وایان لەدەکات کە دەست لە خوێندنەوەی هەڵنەگرن تا بزانن رووداوەکان بە کۆ دەگەن و بە چی کۆتاییان دێت.

ئەگەرچی ڕەمان بە هونەرێکی ئەدەبی تازە دادەنرێت. بەڵام ڕەمان مێژوویەکی دانەبراوی هەیە. کە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ. ڕەسەنایەتی سەرهەڵدانیشی بۆ یۆنانییەکان و ڕەمانیەکان دەگەڕێتەوە.

گۆڕەکان زیاتر حەز لە خوێندنەوەی ڕەمانی ریالیزمی دەکەن، کە شتی لێژیکیان لەخەگرتوون. بەڵام منداڵان هەگری خوێندنەوەی چیرۆک و ڕەمانی خەیاڵین، کە پاڵەوان و کاراکتەرەکانیان منداڵانن یا ئاژەڵ و باڵندەن یا شتی خەیاڵی و ئەفسانەیین. چەژ لە سەرەکێشییەکانی پاڵەوانەکانی چیرۆک و ڕەمانەکان وەردەگرن. لەمە زیاتر درێژە بەم پێشکێیە نادەین و دەینە سەر کرۆکی ناونیشانی ئەم نووسینەمان.

خوشبەختانە لە کۆتایی ساڵی پار (٢٠٢٢) و لە ئەمساڵدا (٢٠٢٣) دا لە لایەن دوو نووسەری ناسراوی کوردمان لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان، دوو ڕەمان بە زمانی کوردی بۆ منداڵان چاپکران. ڕەمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) لە نووسینی مامۆستا (ئەمین محەمەد) بۆ مەردمنداڵان. ڕەمانی (نازیلەی مانگ و شازادەی خەر) لە نووسینی خاتوو (پەیام ئیبراهیم) بۆ نەوجەوانان. پەموایە هەردووکیان بە هەڵە نەچوونە کە نووسیویانە بۆ مەردمنداڵان و نەوجەوانان. چونکە منداڵانی خوار تەمەنی سیانزە ساڵان، ئەو پشوودرێژییان نییە کە ڕەمان بخوێننەوە و لە هەماکان تێبگەن.

هەردوو ڕەمانکەش لە چوارچێوەیەکی کلاسیکی خەیاڵئامێزدان و بە شێوازێکی فانتازی ئاسان داڕێژراون. بە گێشتنی پاڵەوانی ڕەمانکانیان بە خوێنکانیان، پەنایان بە ئەفسوون (جادوو) بردوون، بە ئاوەی بەسەر ئەستەم و لە توانابەدەر سەرکەون و خوێنکانیان بەدی بهێنن. گەلێ لە کێڕ ڕەمانووسانی جیهانیش لە شاکارە ڕەمانکانیان بە منداڵان و مەردمنداڵان، بە ڕووبووەوە و سەرکەوتنی پاڵەوانکانیان بەسەر کێشە و تەگەرەکاندا و گێشتنیان بە خوێنکانیان پەنیان بە جادوو بردوون. زۆرن گەر ناویان بهێنین.
پاڵەوانی هەردوو ڕەمانکەش (لوڵو) و (نازە) دوو کچی جوانکیلە و ئازا و ژیر و سەرکەشن. هەناندیی خوێنکانیان دەبنە دوو جیهانی نموونەیی دروستکراوی زادەی خەیاڵی هەردوو ڕەمانووسکە. تەمەنی هەردوو پاڵەوانکەش لە یەکتریەوە نزیکن. هەردوو ڕەمانکە دوو ئەزموونی تازەن لە بواری نووسینی ڕەمانی کوردی بە مەردمنداڵانی کورد. دوو دەستپێشخەریی ترسشکێنن بە نووسین و چاولێکردنیان و بە سەرهەڵدانی ڕەمانی تازەی کوردی بە منداڵان. مژدەبەخشن بە پێشکەوتن و بە داهاتوویەکی باش بە ڕەمانی منداڵانی کورد. ئاوەی بە وردی هەردوو ڕەمانکە بخوێنەتەوە. هەست بەوە دەکات کە چەند خاڵێکی هاوبەش و لێکچووی نزیک لە نێوان ئەم دوو ڕەمانە کوردیدا هەیە. مەبەستیشم ئەوە نییە کە ئەم دوو ڕەمانووسە چاویان لە یەکتری کردووبێت.

دوو هەفتە پێش ئێستا، نووسینکەمان لەژێر ناوی (خوێندنەوەیەک بە ڕەمانی کچی دورگە بچکۆلەکە) نووسی و باڵاومان کردەوە. پێمخۆشە کە بە کورتی و بە چەی باس لە ڕەمانی (نازیلەی مانگ و شازادەی خەر) یش بکەم.
ڕەمانی (نازیلەی مانگ و شازادەی خەر) لە نووسینی چیرکنووس و ڕاگەیاندکار و سەرپەرشتیکار و ئامادەکەر و پێشکێشکەری بەرنامەی (چیرک بە منداڵان) لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی. خاتوو (پەیام ئیبراهیم عەبدولڕەحمان)ە. کە یەکەم ژنی کوردە کە ڕەمان بە منداڵانی کورد بنووسێت. بەمەش ناوی چووە مێژووی سەرهەڵدانی ڕەمانی منداڵانی کورد و تا هەتایە شانازی و شکەداری و نەمریی بە خەی تەمارکرد.
پەیام خان لەدایکبووی شاری سلەمانییە و هەر لە سلەمانی دەژی. دەرچووی بەشی ژمێریاریە. لە پاڵی چواری قوتابخانەی بنەڕەتییەوە، هەگری نووسینی شیعر بووە. دوایی دەستی بە نووسینی

چیرۆک بۆ منداڵان کردووە. لە (٢٠١٠) وە، چیرۆک بۆ منداڵان دەنووسێ و لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردووەتەوە. تا ئێستا بەم ڕەمانیانەوە شەش کتێبی چاپکراوی هەیە ناوەکانیان (سمۆرەی میهرەبان، ژینگەکەم دۆپارێزم، قاپی خواردنەکەی یەسنا، ئاتیزمم هاوکارم بێ، ددانی ورچە، نازیلەی مانگ و شازادەی خەڵ) خاتوو پەیام ئەندامێکی چالاکیشە لە چەند ڕێکخراوەکی پەروەردەیی و ژینگەپارێزی لە سلێمانی.
خاتوو پەیام هاوسەرگیریی کردووەدایکی (دوو کوڕ) و (دوو کچ) ە.
ڕەمانی نازیلەی مانگ و شازادەی خەڵ، نەبەردی ڕەمانووس پەیام خانە، هیوای نووسینی ڕەمانی تری بۆ منداڵانی کورد بۆ دەخوازین.
وێنەی بەرگی ڕەمانەکە و (١٣) وێنەی ڕووەکردنەوەی ڕەنگاوڕەنگ لاپەڕان وێنەکێش (جەژوان عەبدوڵا) وە کۆشراون. کوالێتی وێنەکان باشن. بەڵام خەزگە شۆڕەکی کوردی بۆ نازوە دیاردەبوو، جلکی ساکاری کوردیی لەبەربوایە، زیاتر سەرنجی منداڵانی کوردی ڕادەکێشا. گەر لە وێنەی ژمارە (٢) بوانین. وێنەکە هیچ شۆڕەکی کوردی پێوە دیارنییە. هەڵەیەک لە وێنەکاندا هەیە. نازی پاڵەوانی ڕەمانەکە لە یەکەم وێنەوە تا دوا وێنە هەر هەمان شێوە منداڵی هەیە، وەک ئاوەی کات وەستابێ و نەگۆڕابێت. لە کاتێکدا ئێو گەورەدەبێت و هاوسەرگیری لەگەڵ شازادەکات و دووگیان دەبێت. دەبوایە کاک جەژوانی وێنەکێش. دوا وێنەی نازی لایەنی کەمەوە لە شێوەی کچێکی نەوجەوان بکێشایە. شازادەش لە وێنەکەدا لە تەمەنی منداڵێکی یانزە بۆ دوانزە ساڵی دایە، دەبوایە خاتوو پەیام هەستی بەم هەڵەیە بکردایە. من وەکو خوێنەرێک لە وێنەکان دەڕوانم، نەک وەک ڕەخنەگرێک.
دکتۆر (ماجد خەلیل) پشکێنەرێکی جوانی بە ڕەمانەکە نووسیوە، هەی دواکەوتنی نووسینی ڕەمانی کوردی بە قۆناغە سیاسییە نالەبارەکان دەگەنیتە. بەڵام گرنگترین هەی دواکەوتنی ڕەمانی منداڵانی کورد بە داگیرکردنی کوردستان دەگەڕێتەوە. کە زیاتر لە سەد ساڵە داگیرکەران بواری کوردیان نەداوە سەری خۆشی بخورێنێت. هەمیشە هەوڵی قەکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان داوە و دەدەن.
دکتۆر ماجد لە پشکێنەکەیدا، سەرهەڵدانی دەستپێکردنی ڕەمانی منداڵان لە جیهاندا بە (جۆن نیوبێری) دەگەڕێنێتەوە، بە

دروستیش بە ساڵی (١٧٤٤ز). بەڵام جۆن نیوبەری لە سەرەتادا، شاکارە ڕۆمانی (ڕۆبنسون کرۆزو ـ ١٧١٩ز) لە نووسینی (دانیال دیفۆ)، کە بە گۆڕەساڵان نووسیوەتی. ئەو کورتی کردووە و بە زمانێکی ئاسانتر و بە شێوازێکی ناسکتر و شیرینتر بە منداڵانی داشتووە.
ڕۆمانی (گەشتەکانی گەلیفەر) لە نووسینی ڕۆمانووس (جوناسان سویفت) کە لە ساڵی (١٧٢٦) نووسیوەتی، بە کۆنترین و بەناوبانگترین ڕۆمان بە منداڵان دادەنرێت.
خاتوو پەیام ئیبراهیم، لە ڕۆمانی نازیلەی مانگ و شازدەی خەردا، بە شێوازێکی فانتازی و بە تەکنیکێکی تەکنیک و بە زمانێکی کوردیی ناسک و شیرین و ئاسان ڕۆمانەکەی داشتووە. لە میانەی نازیلەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی، کاری لەسەر زجێرە ڕووداوەکانی کردووە، کاری لەسەر ڕەهەندی پەروەردەیی دروستی منداڵان کردووە. کەمەک بەهای بەرزی بەرجەستەکردووە، کە دەیەوێت لە دەروونی منداڵانی کوردا بیان ڕوێنێت. وەک: ڕۆشت بەرزی، خۆشەویستی، هاوڕێتی، دڵسۆزی، هاوکاری، سوزداری، متمانە بەخۆبوون، ئازایەتی، مرۆڤایەتی، باڵندە و ئاژەڵدۆستی، ژینگەدۆستی، بەزەیی و دڵۆڤانی، حەزی سەرکەشی، گەشبینی، هیواخوازی، چاکەخوازی، یارمەتی، تەکۆشان، کەنەدان، فریاڕەسی، سەرکەوتن، ... هتد.
فانتازیش بە شێوەیەکی ئەدەبی دەوترێت، کە مەیلی ئەوەی هەیە لە جیهانی داب و نەریتی باودا دابڕێت و کاری لە لەژیک بەدەر بکات. فانتازی یەکێکە لە فاکتەرەکانی پشکۆتن و داهێنان لە جیهانی ڕۆمان و چیرۆک و هونەردا.
خاتوو پەیام، خەونی منداڵان لە هێنانەدیی داهاتوویەکی باشتر و ژیانێکی خۆشتر، لە نازی ئازا و دڵۆڤانی پاڵەوانی ڕۆمانەکیدا بەرجەستە دەکات و دەیکات بە نوێنەریان. نازە خەونی ئەوەی هەیە کە بفڕێت و سوورە لەسەر هێنانەدیی خەونەکەی. ئەم خەونەش پەیوستییەکی هەموو منداڵانە، بە ئەوەی ئاشنای جیهانێکی فراوانتربن و شتی تازە بدۆزنەوە و زانیاری زیاتر وەربگرن و ئەزموونی تازە فێربن. هێنانەدیی ئەم خەون و خواستەش، پەیوستی بە بەیارێکی تەکەم و بە ئازایەتی جەستەیی و دەروونی و بە سەرکەشی و سوورەبوون و کەنەدان و هەنگاونانی کرداری هەیە. بە هاوکاری و هاوڕێتی و بە هەزی لە توانەبەدەر هەیە. ڕۆمانووس خاتوو پەیام بە هێنانەدیی خەونەکەی نازە، جەختی لەسەر هەموو ئەو فاکتەرانە کردووە. ئەو هەستەی لە ناخی نازەدا ڕواندووە، کە لە سایەی ویستن و متمانە

بەخەبووون و سووربووون و ئیرادەیەکی بەهێز و پایەندا، لە سایەی هەوڵ و کۆششکردندا، شتێک نییە کە ناوی ئیستام بێت. هەموو خۆن و هیوایەک دێتەدی گەر مرۆڤ دەست لە خواست و خەون و هیواکانی هەڵنەگرێت. شاعیرێکی عەرەب دەڵێت:
ئەوەی ویستی بە خەڵر بگات، بە تیشکەکانیدا سەرکەوت بە گەیشتن بە هیوای.
حەزەکەم بە کورتی، ئاماژە بە دوو نموونەی ئیرادەی راستی بدەم:
لە سەرەتاکانی سالی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، لە گەرمەی ململانی و پێشبەکێی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا. بە بادەستی لە بواری پشکنینی ئاسمانیدا. ئەمریکا ویستی پێش سۆڤیەت مرۆڤ بنێرێتە سەر مانگ و بە ساغیش بیگەڕێنێتەوە بە سەر زەوی، ئەوبوو کە (جۆن کەنەدی) سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا، لە سالی (١٩٦١) دا بڕیاری ناردنی مرۆڤی بە سەر مانگ دا. کە زۆربەی سەرکردەکانی جیهان گاڵتەیان پێکرد و بە خەونێکی ئیستام و نەزۆک ناویان برد. بەڵام لە سایەی هەوڵدان و سووربووندا، خەونەکەی کەنەدی هاتەدی و لە سالی (١٩٦٩) دا ئەمریکا لە ڕێی کەشتیی ئاسمانی (ئەپۆلۆ ـ ١١) ەوە، مرۆڤیان گەیاندە سەر مانگ کە هەردوو کەشتیوانی ئاسمانی ئەمریکی (نیل ئارمسترۆنگ) و (باز ئاڵدرین) بوون، لەسەر مانگ دابەزین و بە ساغیش گەڕانەوە بە سەر زەوی. خەونی ئەستای ئەمریکا ناردنی مرۆڤ بە سەر هەسارەی کەیوان (مەریخ) ئەمڕۆ ئیستام نییە و دێتەدی.
زیاتر لە (٧٥٠) ساڵ بەر لە ئێستاش بیرمەند و زانای ئینگلیزی (ڕۆجەر بایکەن) کە هەشتا باڵەن و فڕۆکە دروست نەکرابوون، وتی:" لە داهاتوودا مرۆڤ دەتوانێت ئامێرێک دروست بکات و پێی بفڕێت" کە چی بە شێت و گومڕا و دژ بە ئاین ناویان برد و لە کەنیسە دەریان کرد. ئەوەتا خەونەکەی ڕۆجەر هاتەدی و فڕۆکە دروستکرا.
ئەو خەونانەی کە لە ئەمڕۆدا دەماننووسێت، پێویستە لە خەیاڵ و لە هەزری منداڵانی ئەمڕۆمدا بەرجەستەیان بکەین. چونکە دواڕۆژی گەلەکەمان لە دەستی منداڵانی ئەمڕۆمان دایە. هەموو بیرێکی نوێش بە قەناغێکی دژایەتیکردندا تێدەپەڕێت.
نازی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی خەونێکی گەورەی هەیە، خەونەکەشی (فەین) ە، بە ئەوەی بە جیهانێکی فراوانتر و بە گیانلەبەرانی زۆرتر و بە ژینگەیەکی گەورەتر ئاشنابێ. لە پێناوی هێنانەدی ئەم خەونەشیدا، توانی بەسەر ئیستەمدا سەربکەوێت و خەونەکەی

بەنەتەدی. ئامانج لە فەینەکی خاتوو پەیام. ئەویە کە ژیان نابەت بوەستەت و بچەقەت، چونکە وەستان مردنە. دەبەت خەون بە داهاتوویەکی باتر وە ببینین. بویە رەماننووس بە دەمی ژولیای یەکەک لە کاراکتەرکانەوە دەەت:"هەموو جیهان خەون بە فەینەوە دەبینن، ئیمە خەونی هەموو جیهانمان بەدی هەنا" ئامانجی ژان و ژولیا، ئەوبوو کە شارەک لە مرەقە باەدارەکان دروستبکەن. کە هەمووییان توانای فەینیان هەبەت، وەک و نموونە و سەرمەشق، چەند منداەکیان لە نەو ئەشکەوتەکەدا فەری فەین کردوون. رەماننووس خەونی فەین بەر گوەی کەرپەلە جوانەکەی ناو سکی نازیلە دەدات. شاژنی مانگ دەەت: "دەبەت منداەکەم خەونی هەبەت، چونکە مرەق بە بە خەون وەک ئەویە هەر نەژیابەت".
هەردوو هاوسەری زانای جەنەتیک (رەگەزی) ژان و ژولیا، کە دوو کەسایەتین لە رەمانەکەدا دەەن:"لە وەاتی خەمان ئەم خەونەمان هەبوو، کاتەک پەیان زانین ویستیان بمانگرن و ئەشکەنجەمان بدەن. بەیە ئەمە بەیارمادا شارەکە بجەبهەن، هەهاتوویەن بە ئەم ئەشکەوتە".
بەچی خاتوو پەیام ئیبراهیم و مامەستا ئەمین محەمەد پاەوانی چیرەکەکانیان کچن؟
لە نووسینەکمدا لەژەر ناوی (نایەکسانی رەگەزی لە ئەدەبی منداەاندا) کە لە (۲۰۲۱)دا لە سایتەکاندا بەاوم کردەتەوە. جەختەم لە نایەکسانی و ناهاوسەنگی و نادادپەروەری لە رەەی رەگەزی کچان کردووە، کە بە زەقی بە دیدەکەین. کوەسالاری لە چیرەک و رەمانەکاندا رەنگدانەوەی هەیە، بە زەری پاەوانی چیرەک و رەمانەکان کوەن. هەموو هەز و توانا و ئازایەتی و قارەمانەتی و هیوا و سەرکەشی و فریاەەسی و سەرکەوتنەک دراونەتە پاە کوەان. بەەام سەزدای و بە دەسەەاتی و لاوازی و بە هیوایی و بەدبەخەتیش دراونەتە پاە کچان. ئەمەش جیاوازییەکی زەقی رەگەزییە و ناەوایەکی گەورەیە بەرانبەر بە کچان. ئازادی و پشکەوتنی گەل و نیشتمان لە هەموو بوارەکاندا، بەندن بە بەدیهەنانی یەکسانی و هاوسەنگی رەگەزییەوە لەسەر بنەمای توانا و لەهاتوویی و شایستەیی.

نووسەرانی بوارەکانی ئەدەبیاتی منداەان، دەتوانن رەەیکی گرنگ و کاریگەریان لە چاندنی تەوی یەکسانی جەندەریدا هەبەت. بەیە بەشکی زەری نووسەرانی منداەان لەم سەردەمدا، بە زەری پاەوانی بابەتە ئەدەبییەکانیان کچن، دەیانەوەت قەرەبووی

ئەو ستەم و نایەکسانییەیان بە بکەنەوە. بە سەلمێنن کە ئازایەتی و هێز و تواناکانی کچان لە کوڕان کەمترن نین. خاتوو پەیام دەڵێت:"لە رەمانەکەدا بەدوور لە هەر بابەتکی ئایدیۆژی و ڕەگەزی و نەتەوەیی، تەنها ئامانجم پێشاندانی توانای کچێ و هاندانییەتی بە سەرکەوتن".

ڕەمانی نازیلەی مانگ و شازادەی خەڕ، تا ڕادەیەک لەبیرکەی ڕەمانی (ئەلیس لە وڵاتی عاجباتییەکاندا ـ ١٨٦٥) نزیکە. کە ڕەمانووس (لویس کارڕل) نووسیوێتی، کە باس لە کچکی بچووک دەکات، کە ناوی (ئەلیس)ە. دوای کڕوشکەکی سپی دەکەوێت و دەکەوێتە ناو چاڵەکی قووڵەوە و لە جیهانەکی خەیاڵی و عاجباتی سەیر و سەمەرەی ژێر زەوێدا خۆی دەگرێتەوە. لەگەڵ ئاژەڵان و شتی بە گیان دەبێت بە هاوڕێ و ئاشنایان. تا لە دواییدا جادووڵەکردنەکەی بە تاڵ دەبێت و لەسەر زەوێدا خۆی دەبینێتەوە. گەڵێ بیرکەی جوان و بەهای بەرز لەم ڕەمانەدا هەیە. زۆر لە ڕەمانووسانی منداڵان ئیلهام و سوودیان لەم ڕەمانە وەرگرتوون.

جادوو و هێزی لەتوانابەدەریش، ئامانج نین لە ڕەماندا، بەڵکو هەیکن بۆ گەیشتن بە ئامانج. جادوو و هێزی لە توانابەدەر، بوونەتە بەشێک یا ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک و ڕەمانی فانتازی و ئەفسووناوی تازەدا. بە هەناندیی خۆن و ئامانجەکانی پاڵەوانی ڕەمانەکان و سەرکەوتنیان بەسەر ئەستەم و کاری لەتوانابەدەردا. لە زوربەی چیرۆک حیکایەت و ئەفسانە و داستانەکاندا، جادوو ڕەگەز و هەیەکی سەرکەوتنی پاڵەوانەکانیان بووە.

لە بارەی داشتنی ڕەمانی نازیلەی مانگ و شازادەی خەڕ، خاتوو پەیام ئیبراهیم بۆ شەوازەکی ناسک و ئاسان دایشتووە، وشە و ڕستەکانی لە فەرهەنگی زمانی منداڵانی کوردەوە وەرگرتوون، هیچ گرانی و ئاڵۆزییەکیان تێدا نییە. بەگومان هەر نووسەرەکیش تا ڕادەیەک، شەواز و ستایلی تایبەتی خۆی لە نووسیندا هەیە. شەوازیش بریتییە لە ڕەگەی نووسین و داشتنی نووسەر، ڕەگەی گوزارشتکردن لە خەیاڵ و بیر و هزر بەهەی زمانەوە.

چەند سووکە تێبینییەکم دەربارەی ڕەمانەکەی هەیە:

خاتوو پەیام نووسیوێتی نازە تاقانەی ماڵەویانە. نازێک کە دوو بۆ ڕای هەبێت بە تاقانەی ماڵەوێ؟ پێموایە وشەی تاقانەکەی هەڵەیە. لە بەشی (گەڕان بە دوای ژیانی گیاندارانداا) لە

دەی (٨) نووسیوەتی:"لەگەڵ خوشک و برا کانیدا پێکەوە لەسەر سفرە هەموو کاتێ بوونەوە". لەرەدا وا دەردەکەوێت کە نازە خوشکی هەیە. کەچی لە هیچ شوێنکی کەی رەمانکێیدا باسی لەوە نەکردووە کە خۆشکی هەیە. گەر خوشکی هەبێت بە تاقانەیە؟ کە وشەی (خوان) ی کوردیمان هەبێت پەویست نییە وشەی (سفرە)ی عەرەبی بەکاربهێنین. خۆزگەش ناوی باوکی نازە (ئەحمەد) نەبوایە و ناوێکی کوردی بوایە.
لە رەمانکەدا نازە باس لە (رۆژی هەنار) دەکات لە گوندە جوانەکێیان. وابزانم لە ئێستادا (رۆژی هەنار) بووە بە بۆنەیەکی ساڵانە لە شاری هەڵەبجەدا بەڕێوەدەچێت. ئەم رۆژەم زۆر پێ جوانە. من لە وڵاتی نەرویج ـ لە شاری (ڤەس) دووجار ئامادەی (رۆژی سەروپی) بووم. لەو رۆژەدا لە سەنتەری شارەکەدا مەقاڵەی گەورە و درێژ دادەنێن و سەروپی لەسەر دەبرژێنن. لە مەنجەڵی گەورەشدا جەرەها گیاو و رووکی سروشتی وەکو دەرمان دەکوڵێنن. هەرکەسێک بچێت بە لایاندا فەرمووی لێدەکەن کە تامیان بکەن. سەیر لەوەدایە کە خەیان زۆر حەز لە خواردنی سەروپە ناکەن. بووە بە نەریتێکی کولتووری تایبەتی خەڵکی ئەو شارە و شانازی پێوەدەکەن.
لە بارەی رێنووسی رەمانکەوە، لە زۆر شوێنی رەمانکەدا، رەمانناووس ئامرازی پێوەندیی (لە) ی نووساندووە بە وشەکەی دواێوە. ئەمە بە هەڵەیەکی رێنووسیی دەزانم. چونکە ئامرازی پێوەندی (لە، بە، و) نابە بە وشەکەی دواوە و پێشەوەی بنووسێنین، نابێت بنووسین (لەکوردستان) بەکو (لە کوردستان) نابێت بنووسین (بەبەرد) دەبە بنووسین (بە بەرد) نابێت بنووسین (هەنارو هەنجیر) دەنووسین (هەنار و هەنجیر). گەر ئەو ئامرازانە نووسانە وشەوە دەبن بە بەشێک لە وشەکان.
کۆتایی رەمانکەشی وەکو مەرجەک لە مەرجەکانی چیرۆک و رەمان بە منداڵان بە خۆشی کۆتایی پی هێناوە. هەموو شاکارە رەمانکانی جیهانیش بە منداڵان، کۆتایی رەمانکانیان بە سەرکەوتنی پاڵەوانەکە و بەختەشی و شادی کۆتاییان پێهێناون.

حەزەکەم ئەوەش بڵێم، تەنانەت شاکارە رەمانە جیهانییەکانیش بە منداڵان لە سەدا سەد لە هەموو رووێکەوە پڕفێکت نین، خاڵی لاواز و هەڵەشیان تێدایە.
لە کۆتاییدا، جوانترین پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە خاتوو پەیام ئیبراهیم دەکەم. بە ئەم ئەزموونە سەرکەوتووەی لە بواری نووسینی رەمان بە منداڵانی کورد.

ڕزا شوان
٨/ فەبروار/ ٢٠٢٣

چوار کتێب لەبارەی ئەدەبی منداڵان.. ڕێستەم خامۆش

زەرجار ئەمەی نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان، گلەیی ئەوە دەکەین و دەڵێین: کتێبمان لەبارەی ئەدەبی منداڵان لەبەر دەستدا نییە، یان وەک پێویست گرنگیی بەو بابەتە نەدراوە، چونکە نووسین و چاوپێکەوتن و لێدوان و دید و بۆچوون لەبارەی ئەدەبی منداڵان، دەبێتە ڕێنیشاندەرێکی باش بۆ (چۆن و چی)نووسین بۆ منداڵان، ئەگەر ئەدەبی منداڵانی کورد، تا ئێستا وەک پێویست بەرەوپێش نەچووبێ، یەکێ لە هۆکارەکان نەبوونی سەرچاوەیەکی باش و ئەکادیمییە. وە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش کەمتر باس و توێژینەوە و ڕەخنە لەو بارەوە دەکەونە پێش چاو، ئەمە ناڕەحەتی هەر نییە، بەڵکو دڵتەنگ وەک پێویست نییە و کەمە، هەر چەندە جێی پێزانین و دڵخۆشییە کە لە ساڵانی ڕابردوودا هەندێ کتێب لەو بارەوە چاپ و بڵاو کراونەوە، وەلێ نیان نەیاتنوانی داخوازیی و خواستی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان پێ بکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، چوار کتێب لەبارەی ئەدەب و هونەر و ڕەخنەیی منداڵان چاپ و بڵاو کراونەوە.
بەیەوە دەمەوێ بە کورتی و پوختی، باسی ئەم چوار کتێبە بکەم و بیناسێنم بە خوێنەرانی ئازیز، کتێبەکانیش ئەمانەن:
١- ئەدەب و هونەری منداڵان: د. هاوژین سەیوە و ڕێستەم خامۆش
٢- ئەدەب و چیرۆکی منداڵان: د. کەیفی ئەحمەد
٣- دیداری ئەدەبی منداڵان: کەمەڵ نووسەر
٤- ڕەخنەیی منداڵان: ڕەزا شوان


یەکەم: ئەدەب و هونەری منداڵان



ناوی کتێب: (ئەدەب و هونەری منداڵان).
بابەت: چاوپێکەوتن لەبارەی ئەدەب و هونەری منداڵان.
دیمانە و ئامادەکردنی: د. هاوژین سێیوە و ڕێستەم خامۆش.
نەخشەسازیی بەرگ: بڕۆ شێخ تاڵب.
سەرپەرشتیاری هونەری و چاپ: شێخ تاڵب.
سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کێو، بە تیراژی (٥٠٠)دانە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. کتێبی (ئەدەب و هونەری منداڵان)لە دوو تووێی (٥٥٢)لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە هەموو بوارەکانی تایبەت بە منداڵانی لە خۆگرتووە، لەوانە: (ڕۆڵی فۆلکلۆر لە ئەدەبی منداڵاندا، لەبارەی ئەدەبی منداڵان، لەبارەی شیعری منداڵان، لەبارەی چیرۆکی منداڵان، لەبارەی شیعر و چیرۆکی مەرمنداڵان، دەقی شانۆ و شانۆی منداڵان، نووسین بۆ منداڵانی باخچە، نیگارکێشانی منداڵان، کاریکاتێری منداڵان، مۆزیک و گۆرانی منداڵان، ئەفلام کارتۆنی منداڵان، ڕۆژنامەنووسی منداڵان، ڕۆژی جیهانیی کتێبی منداڵان، لەبارەی کتێب و گۆڤاری منداڵان، وەرگێڕان لە پێشخستنی ئەدەبیاتی منداڵانی کورددا، لەبارەی بەرنامەی منداڵان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا).
کتێبەکە لە پێشکی و ناساندنی کتێبەکە و لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەمی پێکهاتووە لە (١٦)تەوەر، بەشی دووەمی کتێبەکە (٣٦)دیمانەی لە خۆگرتووە، ئەم بەشە زۆربەی بوارەکانی تایبەت بە منداڵانی لە خۆگرتووە و زۆربەی بابەتەکانی لەبارەی ئەدەب و هونەری منداڵان. هەروەها (٩٠)کەسی شارەزا و شاعیر و نووسەر بەشداریان لەم کتێبەدا کردووە، کە (١١١)لەدوان و چاوپێکەوتن لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.
لەو (٩٠)کەسەی کە بەشدارن (١٠)کەسیان ژنن.

زۆربەی بەشداربوانی کتێبەکە، دانیشتووی باشووری کوردستانن، وە (٦)کەسیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، هەروەها (١١)شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات، کە نیشتەجێن لە وڵاتانی (ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئایرلەندا، ئیتاڵیا، سوید، نەرویج) بەشدارن.

دووەم: ئەدەب و چیرۆکی منداڵان



کتێبی (ئەدەب و چیرۆکی منداڵان)لە نووسینی: "د. کەیفی ئەحمەد"ە، کە (١٩٠)لاپەڕەیە و بە تیراژی (٥٠٠)دانە لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، چاپکراوە، ئەم کتێبە لەلایەن ئەکادیمیای کوردی، بە ژمارە (٤٤٧)بڕیاوکراوەتەوە، لە پێشکەی و پێنج بەش پێکهاتووە، کە بەم شێوەیەیە:

بەشی یەکەم: (ئەدەب و ئەدەبی منداڵان، ئەدەب، گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەدەب، ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەوران، ئەدەبی منداڵان، چۆن بۆ منداڵان بنووسین؟، کورتەیەکی مێژوویی ئەدەبی منداڵان، سیماکانی ئەدەبی منداڵان، قۆناغەکانی گەشەی منداڵ، کاریگەری ئەدەب لەسەر کەسێتی منداڵ، هەڵکارەکانی خوێندنی ئەدەبی منداڵان، ئامانجی ئەدەبی منداڵان، ئەرکی ئەدەبی منداڵان، گرنگی ئەدەبی منداڵان).

بەشی دووەم: (چیرۆکی منداڵان، بنەمای هەڵبژاردن و دانانی چیرۆکی منداڵان، مەرجەکانی نووسینی چیرۆکی منداڵان، ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەریی چیرۆک، جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان بەپێی ناوەڕۆکیان، جۆرەکانی چیرۆک لەڕووی ڕوخسارەوە، ئامانجە پەروەردەییەکانی چیرۆکی منداڵان، گرنگی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان).

بەشی سێیەم: (شیعری منداڵان، شیعری منداڵان و گەوران، سیماکانی

شیعری منداڵان، ئامانجەکانی شیعری منداڵان).
بەشی چوارەم: (گۆرانی و سروودی منداڵان، جۆرەکانی سروود و گۆرانی، بابەتەکانی سروود و گۆرانی، سیماکانی گۆرانی منداڵان، ئۆرکی گۆرانی منداڵان، مەرجە دەروونیی و پەروەردەییەکانی گۆرانی منداڵان، ئامانجی سروود و گۆرانی لەباخچەی ساوایاندا، ئامانجی سروود و گۆرانی منداڵان).
بەشی پێنجەم: (شانۆی منداڵان، شانۆ، شانۆی منداڵ، کاریگەری شانۆ لەسەر منداڵ، هۆخساری شانۆی منداڵان، ئۆرکی بنیاتنەرانەی شانۆی منداڵ، میکانیزمی کارکردن لە شانۆی منداڵدا، دەرهێنان لە شانۆی منداڵاندا، هونەری منداڵ لە شانۆی منداڵاندا بەم شێوەیە جێبەجێ دەکرێت).

سێیەم: دیداری ئەدەبی منداڵان



کتێبی (دیداری ئەدەبی منداڵان)چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبیی و هونەرییە، کەوتە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز و کتێبخانەی کوردیی هەڵگرتووە.
کتێبی (دیداری ئەدەبی منداڵان)، لە بەاو کراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی سلێمانییە، کە بەرهەمێکی هاوبەشی (١٠) نووسەری بواری ئەدەبی منداڵانە و بە تیراژی (٥٠٠)دانە لە دوو توێی (١٦٢) لاپەڕەدا چاپ و بەاوکراوە.
لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا هاتووە، کە ناوی توێژینەوە و نووسەرەکان، بەم شێوەیە دانراون.
١- چەند سەرنج و وردبوونەوەیەک لە مەژووی ئەدەبی منداڵانی کورد، ئەمین محەمەد.
٢- گرنگیی و بایەخی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەری لەسەر

پشکەوتنی گەلان، پەیام ئیبراهیم.
٣- گرنگیی نووسینی تەمەن لەسەر بەرگی کتێبی منداڵان، د. هاوژین سەیوە.
٤- شیعر بۆ منداڵان نووسراو و شیعر دەرخکردن، محەمەد فەریق حەسەن.
٥- ژیان و بایەخی ڕۆخنە لە ئەدەبی منداڵاندا، زیاد ڕۆشاد قادر.
٦- بەراوردی ئاستی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەریی لەسەر کەلتووری کۆمەڵایەتی پەکەوتەیانی ئاشتیانەی نێتەوەکان، د. ماجید خەلیل.
٧- ڕۆڵی ئەدەبی منداڵ لە کارامەییە کۆمەڵایەتیەکاندا، مەحمود عەبدولکەریم باجەڵان.
٨- ڕۆڵی نووسەری ژن لە ئەدەبیاتی منداڵانی کورددا، زارا ئەحمەد جاف.
٩- ڕۆڵی ڕاگەیاندن، لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵاندا، ڕۆستەم خامەش.
١٠- چۆن منداڵ هەگری خوێندنەوە بکەین؟ فەوزیە مەنمی.

چوارەم: ڕۆشنبیریی منداڵان



ناوی کتێب: ڕۆشنبیریی منداڵان
ناوی نووسەر: ڕەزا شوان
نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: ئومەد محەمەد
نەبەتی چاپ: یەکەم، ساڵی: ٢٠٢٢
بە تیراژی (٥٠٠)دانە لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی چاپکراوە.
ئەو کتێبە (٢٤٤)لاپەڕەیە، کە (٨٤)ناونیشان و بابەتی لەخۆگرتووە، لەبەر زۆریی ناونیشانەکان، تەنها ئاماژە بە چەند ناونیشانێک دەکەین، کە ئەمانەن:

(چەمک و پێناسەی ڕەشنبیری، گرنگی و سوودەکانی ڕەشنبیریی گشتی، ڕەشنبیری ڕاستی کێیە؟، ڕەشنبیریی منداڵان، چەمک و ڕەشنبیریی منداڵان، گرنگترین ئامانجەکانی ڕەشنبیریی منداڵان، سوودەکانی ڕەشنبیریی منداڵان، هۆیەکانی دواکەوتنی ڕەشنبیریی منداڵانی کوردستان، منداڵانی کورد و فرە ڕەشنبیریی لە هێندەران، سوودەکانی پەروەردەکردنی منداڵان بە فرە ڕەشنبیری، گرنگترین هەکارەکانی ڕەشنبیریی منداڵان، کتێخانەی ماڵەوەی منداڵان، ڕۆژنامە وگۆڤاری منداڵان، ئەدەبی منداڵان، چیرۆکی منداڵان، شیعری منداڵان، پێگەی سروود لە ئەدەبی منداڵانی کورد، سوودەکانی گێرانی بە منداڵان، شانۆی منداڵان، ڕۆژی جیهانی منداڵان، جانامەی گێردوونی مافەکانی منداڵان… هتد).

کۆتایی:
لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی ئەو چوار کتێبە لەبارەی ئەدەب و هونەر و ڕەشنبیریی منداڵان، گرنگ و پێویستە بە ئەوانەی، کە لە دنیای منداڵان خزمەت دەکەن و دەیانەوێ باشتر کار بکەن، چونکە ئەو چوار کتێبە بریتین لە: (١١٤٨)لاپەڕە، بۆیە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو چوار کتێبەدا، لایەنی ڕەشنبیریی و زانیاریيت زیاتر دەبێ لەبارەی جیهانە ڕەنگین و جوانەکەی منداڵان.

پشکنینی ئەنزایمی G6PD.. ڕەهەند سا بیر

G6PD test
Glucose-6-Phosphate Dehydrogenase Deficiency

ناچینە ناو لوبی باس و ڕەنگەڕژکردنی، تا ئەم ڕاستەوییە لە ئەندێشەماندا هەڵنەتەقێنێن! وشەی Enzyme، لە کوردییدا بە "ئەنزیم" و تا ڕادەیەکیش بە "ئەنزیم"، جەکەوت کراوە، لەکاتێککدا ئەبوو بە "ئەنزایم"! لە فیکر و خەیاڵ، ئاخاوتن و نووسیینماندا، جێیەکی بە خەی سازبدایە!! کاتێ وشەیەکی بیانیی ئەخزێتە ناو زمانی کوردییەوە، ضەرورە تا بکرێ زمانی گۆکردنی وشەکە، لە زمانی

نووسیین و ئاخاوتنی کوردییەوە نزیک بکرێتەوە. لە ئینگلیزییدا، Enzyme بە "ئەنزایم" ئاخوێنرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە بە پەویست ئەزانرێ کە شێوازە دروستەکە بخرێتە سەر سکە! "
ئاگاڕ بە ساناگەیی و سانا نووسیینەوە پێخشانی بکەین، ئەوا فەحسی ئەنزایمی G6PD کە بە عیللەتی پاقلە(نەخۆشیی پاقلە) لە ذیهنماندا پایەدار بووە، باوترییین ئەنزایمە کە جێستە دووچاری کەمبوونەوەی ئەبڕت، نزیکەی چوارصەد میلیۆن ئادەمیزاد لە جیهاندا، ناڕەنا و گرفتارن بەدەست کەمیی ئەم ئەنزایمەوە، هەکارەکەیشی جینەتیکییە کە بەی پەویست لە ئەنزایمەکە بەرهەم ناهێنرێ لە خوێندا. ئەنزایمەکی گرنگ و ڕێی هەیە لە نەظمی هەندێ چالاکیی ناو لەش، هاوکات مەسئولی پاراستنی خڵیکە سوورەکانە، هەروەها مانەوەیان بە ئەکتیڤیی، تا گەیشتن بە دوا کەناری تەمەن(تەمەنی خڵیکەی سوور، نزیکەی ۱۲۰ ڕۆژ). ئەو نەخۆشانەی ئەنزایمیان لە بەی نەرمال کەمترە، لە ساتی هەوکردن و خواردنی پاقلەمانییەکان و چەند دەوایەک، ئەبنە هەی تووناکردنی خڵیکە سوورەکانی خوێن، لەگڵ کەمخوێنیی تووند. دابەزیینی بەی خڵیکە سوورەکان، وائەکات بڵیکی کەم لە ئەکسجین، لە سییەکانەوە گوزشت و بکات بە شانە و ئەرگانەکانی جێستە، بەهەی کەمیی ئەم ئەنزایمەوەیە مندالانی نەوا لەدایکبوو، دووچاری زەردوویەکی تووند، یان مامناوەند ئەبنەوە.

هەکاری کەمیی ئەزایمەکە
کەمیی G6PD، هەیەکی جینەتیکیی هەیە کە جینە تووشبووەکە ئەکەوێتە سەر کرۆمۆسۆمی (X Chromosome)، لە یەکێک یان هەردوو باوانەوە ئەگوازرێتەوە بە نەوەکانیان. پیاوان تەنیا یەک (X Chromosome)یان هەیە، ئەگەر جینە تووشبووەکەی هەڵگتبێت و لە خەی بار کردبێت، ئەوا کەسەکە تووشبوو ئەبێت بە کەمیG6PD ، بەڵام لە خانماندا، دوو (X Chromosome)یان هەیە، ئەبێت هەردوو (X Chromosome)ەکە، هەڵگری جینی تووشبوو بن، ئەوکات ئینسانەکە گرفتاری کەمیی G6PD، بەڵام ئەگەر خانمەکە تەنیا یەک (X Chromosome)ی هەڵگری جینی تووشبوو بوو، خەی قوتاری ئەبێت لەو دەردە وکەسکی نەرمال ئەبێت، بەڵام ئەکرێ بگوازرێتەوە بە نەوەکانی. لەڕوی بەمان بیان و تەخشان ئەبێ کە ریسکی تووشبووون بە کەمیی G6PD، لە پیاواندا زیاترە، هەروەها لەو کەسانەیشدا زیاترە کە لە خزانەکیاندا، کەسانی گیرەدەبوو بە چەمەی کەمیی ئەنزایمی G6PDیان تێدایە.

نیشانەکانی کەمیی G6PD
لە زۆر کەسدا، ئەکرێ دیدنیی هیچ نیشانەیەک نەکەین، تا ئەوکاتەی

دەرداویی ئەبە بە هۆکردن و بڕکۆتن بۆ خۆراک و دەرمانانەی کە بە ئەم جۆرە کەسانە ئەبێتە باعیثی مەترسیی، نیشانەکان ئەکرێ دوای چەند هەفتەیەک نەمێنن، بەڵام هەندجار مەترسیی گەورە چێ ئەکات و بە تیکراربوونەوەی هەکارەکان، نیشانەکان سەرهەڵئەدەنەوە. نیشانەکانیش لە چەند دانیەکدا گل دراونەتەوە کە خۆی ئەبینێتەوە لە کەمخوێنیی، پەلەپەلکردنی دە، هەناسەبڕکێ، یان تووندبوونی هەناسە، هیلاکیی، سەرگێژخواردن، ڕەنگپەریین و زەردهەڵگەڕان، زەردوویی

هەڵکارکانی تووشبوون بەم نیشانانە
ئەو کەسانەی زۆلالەتیانێ بە دەست کەمیی G6PD، پرسەسی هیمۆلیسز(واتە تێکشکاندی خڕکە سوورەکانی خوێن- Hemolysis) لە ڕووئەدات، دوای تووشبوون بە هۆکردن و بڕکۆتن و خواردنی پاقلەمانیەکان(لۆبیا، ماش، پاقلە، فاسولیا)، یان خواردنی هەندێ دەرمان.

دەستنیشانکردنی عیللەتێکە، لە ڕێگەی شیکاریی خوێن ئەبێت بە تەحدیدکردنی

- فەحسی ئەنزایمی G6PD
- بینین و دەستنیشانکردنی جۆری کەمخوێنیی لە ڕێگەی (Blood Film Examination)، ئایا چیی جۆرە تێکشکانێکە؟ دیاریکردنی جۆر و شکڵی هەیکەلیی خڕکە سوورەکان، هەروەها دەستنیشانکردنی ژمارە و جۆری خڕکە سپیەکان و خڕپلەی خوێن، چونکە هەی دووەم وەکو هۆکردن و نەخۆشیی تر، ئەبێتە باعیثی تێکشکاندنی خڕکەکانی خوێن
- شیکاریی Reticulocytes Count زۆر ئەبێت
- ئەنجامایزی Direct Coombs Test، لەوانەیە پۆیست بێت، نەوەکو هەکاری بڕگریی لێش بێت و ببێتە هەی تەفرکرنەکە
- شیکاری فەرمانی جگەر Liver Function Test

لە کۆتاییدا، چارەسەر و خڕپاراستن لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لەو خۆراک و دەرمانانەوە ئەبێت کە ئەبنە هەی سەرهەڵدانی نیشانەکان و مەترسیین و بە ئەو کەسانەی کە کێشدارن بە کەمیی G6PD. هەروەها دیاریکردنی لیستی ئەو خۆراک و دەوایانە، لە لایەن دکتۆری تایبەتمەندەوە.

سەرچاوە:- زانستی تاقیگە

نامەی کچێکی ئامەدی بۆ خودا..!.. شەماڵ بارەوانی

لەگەڵ دایکم و برا دوو ساڵیەکەم لە شیرینی خەو دابووین،
لەپڕ دەزەخ هەویدا.
گومم لە دەنگێک بوو دەیگەیاند:
ئیمادارینە خەڵاگربن، ئەوە غەزەبی خودایە خودا.

یەکەم جارم بوو ببیسم کە خوداش تووڕە دەبێت !

بەڵێ، مەلای گەڕەکەکەمان بوو،
ئەو بە دیار تەرمی دایکمەوە وەستابوو و هەشتا ئامەدی برام لە ژێر دار و پەردوو بە سەر و شۆن بوو.

خۆ دایکم بەردەوام دەم بە زیکر و دەست بە دەستنوێژ و هەوو لە ئاسمان بوو،
من لەو موعادەلەیە تێناگەم ئەی خودا !

دایکم خوێندەواری نەبوو، بەڵام بەردەوام دەیگوت:
کچەکەم،
خودا هیچ کاتێک تووڕە نابێت و ئەو یەک پارچە جوانی و بەزەیی.

کچەکەم،
خودا هەرگیز، ژن و منداڵ ناکوژێت و باڵەخانەکان بەسەر هیچ کەسێکدا ناووخنێت

کچەکەم،
نەکەیت لەو هەوانگە نزمەوە لە خودا بەوانیت،

بە درۆزایی مەژوو، ئەویە کۆشەی خوداناسەکان، لەگەڵ خودا پەرستەکان.

کچەکەم،
لە سنوورەکانی دەمارگیری دوور بکەرەوە.
هەرکاتێک هەستت بە قەڵەقی کرد، خێت بە عیشقی خودا مەست بکە.

کچەکەم
لە بیرت نەچێت، هەمیشە هەموانت قبوڵ بێت.
نەکەیت بەهەی بیر و باوەڕەی جیاوازەوە، بەکەم سەیری ئەویتر بکەیت،
ئەویە تەریقەتی خودا.

کچەکەم
خودا خۆشویستی دروستکرد و، مرۆڤیشی ئازاد !

بەیە لە تەریقەتی ئیمە، ئازار حەرامە.
کەواتا کچەکەم، گەر منت خۆش دەوێت، هەموانت خۆش بوێ

خودا خۆشویستیە خۆشویستی

خودایە با ئەوەشت پێ بڵێم:
گەر تا ئێستا دەم لێت نەشکاوە،
تەنها بە هەی نزاکانی دایکمەوەیە.

شەماڵ بارەوانی